ژاک ڕێتۆرێ

گەشتنامەی مسیۆنێرێك
بۆ ناوچەکانی کەرکووك و سلێمانی
ساڵی ١٨٧٨

لە فرانسییەوە وەرگێڕانی بۆ کوردی،

پێشەکی و پەراوێزنووسیی

نەجاتی عەبدوڵڵا

بنکەی ژین
سلێمانی-٢٠٠٨

٩٢٣,٢
ڕ ٩٥٢ ڕێتۆرێ، ژاك
گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەكانی كەركووكو سلێمانی
ساڵی ١٨٧٨/ نووسینی ژاك ڕێتۆرێ؛ وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا. —
سلێمانی: بنكەی ژین، ٢٠٠٨.
٨٢ل: ١٨,٨٥×٢١ سم؛ بەڵگەنامە؛ وێنە؛ زنجیرە؛ ٩٨
١– گەشتنامە ٢– نەجاتی عەبدوڵڵا (وەرگێڕ) ٣– ناونیشان
كتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی پۆلێنو پێڕستی سەرەتاییی ئامادە كردووە

سەرپەرشتی لەچاپدراوەكانی بنكە: سدیق ساڵح

زنجیرە: ٩٨
كتێب: گەشتنامەی مسیۆنێرێك
بۆ ناوچەكانی كەركووك و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨
نووسینی: ژاك ڕێتۆرێ
بابەت: سەفەرنامە
لە فرانسییەوە وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا
تایپ و مۆنتاژ و هەڵەچنی: وەرگێڕ
خەتورووبەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ١٥٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ٢٣٨٢ی ساڵی ٢٠٠٨
چاپی یەكەم: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

هەموو مافێك پارێزراوە. بەبێ مۆڵەتێكی پێشوەخت، بە هیچ شێوەیەك ڕێ نادرێ ئەك كتێبە یا بەشێكی دەر بكرێتەوە، یان لە چوارچێوەی زانیاری بەدەستهێناندا هەڵبگیرێ یا بگوێزرێتەوە.

لە بڵاوكراوەكانی
بنكەی ژین
بۆ بووژاندنەوەی كەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی كوردی
عیراق: هەرێمی كوردستان، سلێمانی، ئەندازیاران، گەڕەكی ١٠٥، كۆڵانی ٥، خانووی ٢٣ سنووقی پۆست: ١٤
نۆرماڵ: ٣١٢٩١٠٢ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ كۆرەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩
www.binkeyjin.com



باوکە ژاک ڕێتۆرێ

(١٨٤١-١٩٢١)

پێشەکیی وەرگێڕ

ڕەنگە بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی یەکەمین تاڵە داوەکانی پێوەندی نێوان فرانسا و ڕۆژهەلات بگەڕێنینەوە بۆ کۆتایی سەدەی سێزدەهەم کاتێك یەکەمین گرووپی مسیۆنێرە فرەنسییەکان لە ساڵی ١٢٨٨ چوونەتە تەورێز و لەوێشەوە بەناو کوردستاندا چوونەتە مووسڵ. دواتر سەدەی چواردەهەم و سەدەی پازدەهەم هیچ پێوەندییێکی ئاوها لە نێوان فرانسا و ڕۆژهەلاتدا نەبووە. ئەوە لە سەدەی شانزهەمدا بوو کە بۆ یەکەمجار یەکەمین قوتابخانەی دەوڵەتیی فرەنسی لە ئەستەمووڵ کرایەوە و لەم سەدەیە بەدواوە چەند ڕۆژهەلاتناسێك سەفەری ڕۆژهەلاتیان کردووە و کەم و زۆر چەند شتێکی کەمیشیان لەسەر کوردستان نووسیوە (کلۆد بیلیڤر ١٥٢١)، (ژاك گاسووت ١٥٥٠)، پییێر بیلۆن ١٥٥٣) و (ژان شیسنۆ ١٥٥٥). بایەخدانی زۆری فرانسا بۆ ڕۆژهەلات لەگەڵ دوا چارەگی دوایی سەدەی هەژدەهەم دەستپێدەکات وەختایەك ساڵی ١٧٧٤ لە کۆلیژی شاهانە College Royal لە پاریس بەشی زمانەکانی تورکی و فارسی کرایەوە. دواتر ساڵی ١٧٩٥ قوتابخانەیەکی تایبەت بە زمانە ڕۆژهەلاتییەکان دامەزرا کە زمانەکانی تورکی، فارسی و عەرەبی تێدا دەخوێنرا و دواتر لەگەڵ لەشکرکێشی ناپۆلیۆن بۆ سەر میسر ئیدی فرەنسا بایەخێکی لەوە زۆرتر بە ڕۆژهەلات دەدات.

ڕەنگە بتوانین بڵێین نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەم ئیدی سەرەتای سەفەرنامەی فرنساییەکانە بۆ ڕۆژهەڵات. لەناو سەرچاوەی گەڕال و گەڕیدەکانی نیووەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەم ئەم گەڕۆکە فرەنسیانە سەردانی کوردستانیان کردووە (سێزار لامبێرت -١٦٥١)، (ژان پاتێست تاڤێرنیێ-١٦٣٢)، (پوولیێ-١٦٥٤)، (شاردان-١٦٥٥)، (ژان دو تێڤینۆت-١٦٥٥). لە سەدەی هەژدەهەم فرانسا بۆخۆی لەناو تەنگژەیەکی ناوەخۆیی دا بوو و جگە لەوەش باڵادەستیی ئەنگلستان هیچ بواری کاری بۆ فرانسا نەهێشتبۆوە بۆیە دەبینین لەم سەدەیەدا بایەخی فرانسا بۆ ڕۆژهەڵات تا دوایین چارەگی سەدەی هەژدەهەم هەر زۆر کزە و لەم سەدەیەدا تەنها یەك فرەنسی سەردانی کوردستانی کردووە ئەویش (ژان ئۆتیێ)یە. بە پێچەوانەوە سەدەی نۆزدەهەم سەدەی زێڕینی سەفەری فرەنسییەکان بۆ ڕۆژهەڵات و لەم سەدەیە ئەم گەرۆکە فرەنسیانە هاتوونەتە کوردستان و زانیاریان لەسەر کورد نووسیووە: (گییۆم ئەنتوان ئۆلیڤیێ)، (ئەندریێ دوپریێ)، ژوبێرت ئامیدی)، (گاسپار درۆڤیل)، (ڤیکتۆر فۆنتانییێ)، (یۆژین فلاندن)، (ژان پاتێست پۆژولیێ)، (یۆژین بۆری)، (هۆمیر دوو هێل)، (ئا. کلیمان)، (شۆڤالیێ لیکلاما)[1]، (هێنری بێندەر)، (ڕیتۆریێ ژاك) و (ئارمان پییێر شۆلیێ) بێت.

---

[1] گەرچی لیکلاما خۆی هۆڵەندییە، بەڵام فرەنسی زمان بوو و گەشتەنامەکەی خۆیشی هەر بە فرەنسی نووسیووەتەوە بۆیە پێمان باشبوو لە ڕیزی سەرچاوە سەفەرنامە فرەنسییەکانی دایبنێین، بڕوانە: Voyage en Russie, au Caucase et en Perse, dans la Mésopotamie, le Kurdistan, la Syrie, la Palestine et la Turquie, exécuté pendant les années 1866, 1867 et 1868, Bertrand A.: Paris, 1872-1874, 4 vol.

ڕەنگە لەناو هەموو ئەم گەشتنامانەدا سەفەرنامەکەی ڕیتۆریٚ کە ئێمە لێرەدا وەرگێڕاوە کوردییەکەمان بڵاوکردۆتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی ئیتنیکی لە کوردستانی عوسمانیی دوا چارەگی سەدەی نۆزدەهەمدا، هیچ سەرچاوەیەك نەبێ بتوانێ خۆی لە قەرە بدات، بە تایبەتی لەبارەی ژیانی مەسیحییەکانی کوردستانەوە و لەویشەوە پێوەندیی نێوان کورد و ئاسوورییەکانی کوردستان. شایانی باسە کە ڕیتۆریٚ بەر لەم گەشتەی بۆ ناوچەکانی کەرکووك و سلێمانی، ساڵی ١٨٧٦ سەفەری ئەسقەفیەی زاخۆ، بەعشیقە و هەکاری کردبوو.
ئەم سەفەرنامەی کە ئێمە لێرەدا کردوومانە بە کوردی نێوان ساڵانی ١٨٧٩-١٨٨٠ لە گۆواری (ساڵنامەی دۆمینیکان)* بە فرەنسی بڵاو کراوەتەوە. ئەم گەشتەنامەیە بە چوار بەش بەم شێوەیەی خوارەوە بڵاو کراوەتەوە: بەشی یەکەم لە ژمارە (٢٣٢) ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٧٩، لا: ٤٩٠-٤٩٣. ، بەشەکانی دووەم و سێیەم لە ژمارە (٢٣٤)ی دیسامبەری ساڵی ١٨٧٩، لا: ٥٤٠-٥٤٥.، بەشەکانی چوارەم و پێنجەم لە ژمارە (٢٣٩) ی ئایاری ساڵی ١٨٨٠ لە لا: ٢٠٧-٢١٠ و بەشەکانی شەشەم تا کۆتایی لە ژمارە (٢٤٢) مانگی ئابی ١٨٨٠، لا: ٣٥٣-٣٦٧ دا بڵاو کراونەتەوە.

حەزدەکەم لێرەدا ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە بڵێم کە ئێمە لە وەرگێڕانی ئەم تێکستە دا ڕووبەڕووی زۆر تێرم و ڤۆکابیوڵەری تایبەت بە ئایینی کاتۆلیك بووینەوە کە ئەمە لە زۆر جێگەدا وەرگێڕانە کوردییەکەی سەختتر دەکرد، بەڵام هەرچۆنێك بێت توانیمان کۆتایی بە وەرگێڕانەکە بهێنین و خۆ ئەگەر خوانەخواستە لە جێگەیەکیشدا هەڵەیەکمان بەسەردا

* L'Année Dominaicane

تێپەڕبووبێ ئەوا بە دڵنیاییەوە بە دەستی ئەنقەست نەبووە و زۆر بە هیواین کوردیی وەرگێڕاوەکە لە تێکستە فرەنسییەکە بچێ.

دواجار زۆر هیوادارم بڵاوکردنەوی کوردی ئەم سەفەرنامەیە ببێتە هاندەر بۆ چەندین لێکۆڵینەوەی دیکەی مێژووی لە بارەی پێوەندییەکانی کورد و ئاسووری، ئەم مێژووەی کە بەڕاستی زۆری ناهەقی لێکراوە و تا ئێستە زۆر لایەنی بە شاراوەیی لەناو تاریکاییدا ماوەتەوە. بەداخەوە دەبوایە زانکۆیەکانی کوردستان بەشی تایبەتیان لەبارەی مێژوو و کولتوور و شارستانیەتی ئاسوورییەکان هەبوایە و لەم ڕووەوە کردنەوەی بەشی ئاسووریناسی لە هەموو ڕوویێکەوە چیتر پێویستی بە دواکەوتن نییە.

نەجاتی عەبدوڵڵا

پاریس، ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨

سەرپۆتێک لەبارەی
ژیان و بەرهەمەکانی "ژاک ڕیتۆریێ"وە
١٨٤١-١٩٢١

ڕێتۆری ژاک* لە ٢١ی ئابی ١٨٤١ لە ئەسقەفیەی **Boyges** لە شاریتێ-سوغ-لوار** لە فرانسا لەدایک بووە. لە نۆزدە ساڵیدا چووەتە ناو ڕاهیبەکانی سانت- ماکسیمین. لە ١٩ ی ئۆکتۆبەری ١٨٦١ بووە بە دۆمینیکانی توولوز. لە ساڵی ١٨٦٥ کراوە بە سەردەستەی ڕاهیبەکان لە دێرەی مازیەر، وەک چۆن خۆی حەزی لەوە بووە خۆی بۆ کاری مسیۆنێری تەرخان بکات، هەر زوو بانگی دەکەن بۆ کلێسەی کۆربان کە باوکە جەندەل لەوکاتەدا خەریکی ئامادەکردنی چەند ئەرکی مسیۆنێری بووە. لە ساڵی ١٨٧٤ بە هاوەڵی لیۆن، نوێنەری پاپا دەچێتە میزۆپۆتامیا و لە ١١ی ئاب دەگەنە میزۆپۆتامیا. سەرەتا وەکوو قەشە لە نشینگەی مار یەعقوب لە کوردستاندا جێنشین دەبێ. ڕیتۆری تا وەکوو ساڵی ١٨٧٩ هەر لە مار یەعقوب دەمێنێتەوە، لەوێ شارەزای زمان و ئەدەبی

بنکەی ژین
www.zheen.org

Rhétoré Jacque *
Charité-sur-Loire **

ئاسووری– کلدانی دەبیّ و لە هەمان کاتدا قوتابخانەیەکی مسیۆنێریی فرەنسی لە ناوچەکە بەڕێوە دەبات و لەناو ئاسوورییە چیاییەکاندا کاردەکات. ساڵی ١٨٧٩ بانگ دەکریّ بۆ مووسڵ لە ئامادەنەبوونی باوکە دوڤال، ئەرکی تەواوی مسیۆنی فرەنسی بەڕێوە دەبات. ئەوە هەر لەو ساڵەدا بوو کە گەشتەکەی لە مووسڵەوە بۆ ناوچەکانی هەولێر، کەرکووك و سلێمانی لە ١٧ی حوزەیران دا دەست پیّکرد و ڕۆژی ١٧ی ئاب گەڕایەوە مووسڵ. دوای گەڕانەوەی پ. دوڤال لە ساڵی ١٨٨١ لەگەڵ دوپلان ڕەوانەی ناو ئەرمەنییەکانی وان دەکریّ و یەکەمین نشینگەی مسیۆنێری لەویّ دەکاتەوە و تا ساڵی ١٨٩٣ هەر لەو نشینگەیەدا دەمێنێتەوە. لەم ماوەیەدا فێری هەردوو زمانی ئەرمەنی و تورکی دەبیّ. وێرای ناڕەزا بوونێکی زۆر، کەچی توانی پارچە زەوییێکی بەرفراوان لە ناوچەکەدا بکڕیّ و چەند ژووری بەتەك یەکدا لیّکرد و باخچەیەکی نایابی لەسەر دروست کرد. ساڵی ١٨٩٣ لە لایەن فروهرێرس بانگ دەکریّ بۆ قودس و لەویّ لە قوتابخانەی تەوراتیدا کە تازە کرابۆوە تا ساڵی ١٨٩٧ دەرسی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان دەڵێتەوە. دوای گەڕانەوەی ساڵی ١٨٩٧ دووبارە لە وان جێگیر دەبێتەوە. لە وان دووبارە تیّهەڵدەچێتەوە ناو دروستکردنی نشینگە و نوێژخانە و سەرپەرشتی ئامادەکردنی کتێبی قوتابخانەی دەکات کە مسیۆنی فرەنسی توانیبووی بیکاتەوە و هەروەها سەرۆکایەتی فۆنداسیۆنێکی خوشکانی دۆمینیکانیشی دەکرد. لەم ماوەیەدا ئەرکی بڵاوکردنەوەی مسیۆنێکی تایبەتی پیّسپێردرابوو لە ئێران و چەند ماوەیەکیش لە وێدا ماوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٠٨ دووبارە بانگ کرایەوە بۆ کڵێسەی مار یەعقوب و نازناوی کەشیش وەردەگریّ. هەر زوو لە ئاشیتە لەناو جەرگەی

www.zheen.org

ئاسوریەکان نشینگەیەك دەکاتەوە. لەم ماوەیەدا نەخۆشیەکی سەخت ناچاری دەکات بیگوێزنەوە بۆ مووسڵ و خرایە ژێر چاودێریی پزیشکییەوە. ساڵی ١٩١٣ لە ئامادەنەبوونی بێریێ Berée دا بەڕێوەبردنی هەموو مسیۆنی فرەنسیی لە ئەستۆ دەگرێ و دواتر ساڵی ١٩١٤ نوێنەرایەتیی مسیۆنێری* بە ئەستۆ دەگرێ.

لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە مووسڵ گەواهی یەکەمین بێڕێزیی تورك دەدات دژ بە مسیۆنی فرەنسی. لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا بە دیلکراوی لە چلەی زستانا لەگەڵ باوکە بێریێ و باوکە سیمۆن دووریان دەخەنەوە، دەکەن یەکەمجار بۆ ماردین و ساڵی ١٩١٥ گەواهی قەتڵ و عامی مەسیحییەکان دەدا؛ لەو بارەیەوە یادداشتنامەکانی کە ساڵانی ١٩١٥-١٩١٦ نووسیونی سەرچاوەیەکی مێژوویی دەستی یەکەمی کەموێنەیە[٢]. لە ماردین دەبوو بۆ دیاربەکر و دواتر بۆ خارپووت بگوازرێنەوە کە ناوەندی عەسکەریی ناوچەکە بوو. ئەوان داوایان لە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە کردووە کە تا داهاتنی ئاشتی هەر لەو ناوچەیەدا بمێننەوە. موتەسەریفی ماردین، حیلمی بەگ بۆیان تێدەکەوێ و لەسایەی دەخالەتی موتەسەریفدا بۆ ماوەی دوو ساڵ هەر لە ماردین دەمێننەوە و بەرهەمی مانەوەی لە ماردین ئەم یادداشتنامەیەیە کە تاکوو ئێستە بە ئیتاڵی و فرەنسی چاپ کراوە و وێنەیەکی کارەستباری قەتڵوعامی مەسیحییەکان لە ساڵی ١٩١٥-

www.zheen.org

* نوێنەرایەتی مسیۆنێری: Délégation apostolique

2 دەستنووسی فرەنسی ئەم یاددشتانامەیە ئێستە لە ئەرشیڤی پرۆڤانسی دۆمینیکان لە فرانسا پارێزراوە، چاپی ئەم یادداشتانە یەکەمجار بە ئیتالیایی (٢٠٠٠) و دواتر ساڵی (٢٠٠٥) بە فرانسی بلاوکرایەوە، وەرگێڕ.

١٩١٦دا دەگێڕێتەوە. دواتر دووریان دەخەنە بۆ ئەنقەرە و دوایی بۆ کۆنستانتینۆپل و مەنفا کە بە ئاگربەسی نۆڤەمبەری ١٩١٨ کۆتایی دێت. ڕیتۆریێ تا وەکوو کۆتایی ساڵی ١٩١٩ هەر لە کۆنستانتینۆپل دەمینێتەوە, سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ دەگاتەوە مووسڵ و لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا هەر بەردەوام دەبێ لەوەی کار بۆ مسیۆنی فرەنسی بکات تا ڕۆژی ١٤ ی ئاداری ١٩٢١ لەناکاو لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا لە مووسڵ کۆچی دوایی دەکات، دوای ئەوەی شەست ساڵی ڕەبەقی لە نەزری ڕەهبانی ئایینی و چڵ و حەوتەمین ساڵی تەمەنی لە مسیۆنێریدا تەواو دەکات.

باوکە ژاك ڕیتۆریێ ماوەی چڵ ساڵ لەناو ئاسوورییەکانی کوردستان کار دەکات و بە هەمان شێوە ئەرمەنی و کوردەکانیش بەشێکیان لەناو کارەکانیدا هەیە.

ژاك ڕیتۆری لە دوای خۆی کۆمەڵێك بەرهەمی ڕەسەنی بەجێهێشووە کە بەمە خزمەتێکی زۆری زانست و زانیاری کردووە. بە گوێرەی بەدوادچوونەکانی ئێمە ڕیتۆری ئەم بەرهەمە چاپکراوانەی لە دوای خۆیەوە بەجێهێشتووە:

1- "Une tournée apostolique (dans le diocèse de Zakho", Rapport daté de Mar-Yacoup (Kurdistan) le 24 mai 1876, et adressé au Très-Révérend Opère Duval, Pro-Préfet apostolique à Mossoul"[3] In *A.D*, n° 16, 1876, p.465-473; n° 17, 1877, p. 16-24.

2-"Voyage d'un missionnaire dans les provinces de Kerkouk et de Soleimanié de l'Empire turc"[4], In A.D, 1879 (pp.490-493; 540-545); 1880 (pp: 207-210; pp: 353-367).

www.zheen.org

---

[3] هەمان وتار بە کەمێك کورتکردنەوە لە گۆواری A.P.F ژمارە ٤٨ ی ساڵی ١٨٧٨، لا: ٤٠٦-٤٢٦ دا دوبارە بڵاوکراوەتەوە، وەرگێر.

[4] ئەمەیان ئەم کتێبەیە کە لەبەردەستان دایە بە کوردی، وەرگێر.

3- "La famine en Mésopotamie et dans le Kurdistan", In A.D, 1880, p. 159-165.

4- "Mission d'Arménie: Van", In A.D, n° 260, 1882, p.58-64.

5-"Rapport sur les nestoriens des monts Hakkâri", In A.P.F, t.LV, n°330, septembre 1883, p.283-308.

6-"Chronique de nos Missions: lettre d'un missionnaire de Mossoul", Lettres datées d'Achitha le 1 ère novembre, le 4 decembre, 21 décembre et 28 décembre 1908" In A.D, n° 49, octobre 1909, p. 439-441.

7-"Chronique de nos Missions: lettre d'un missionnaire de Mossoul: Lettre datée d'Achitha le 6 décembre 1909 et extrait d'un Rapport à Mgr Charmetan", In A.D, n° 50, 1910, p. 260-266.

8-Grammaire de la langue soureth, ou chaldéen vulgaire selon le dialecte de la plaine de Mossoul et des pays adjacents[5], Mossoul : Imprimerie des pères dominicains, 1912, (276p).

9-Una finestra sul massacro: documenti inediti sulla strage degli armeni,1915-1916[6]; [a cura di] Marco Impagliazzo, Milano : Guerini e associati, 2000, (254 p)

10-Les chrétiens aux bêtes : souvenirs de la guerre sainte proclamée *par les Turcs contre les chrétiens en 1915*, préface par Jean-Pierre Péroncel-Hugoz ; étude et présentation du document par Joseph Alichoran, Paris : Cerf, 2005, (397).

---

[5] **بە گوێرەی تۆژەرەوە** Alichoran **دەسنووسی ئەم کتێبە کە ئێستە لە ئەرشیڤی پرۆڤانس لە فرانسا هەڵگیراوە و چەند شوێنێکی لێفەوتاوە و مێژووی ساڵی ١٩١١ی ئاشیتەی بەسەرەوەیە لەم کتێبە چاپکراوە زۆر پوختە تر و تەواو ترە، بڕوانە** Les Chrétiens… **لا: ٣٨٢.**

[6] **ئەمەیان وەرگێراوی ئیتالیایی یادداشتەکانی ساڵی ١٩١٥-١٩١٦ی نووسەرە، وەرگێڕ.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرچاوەکان

1-G.Galland, O.P, Figures dominiciane contemporaines: VII Le R.P. Jacques Rhétoré, In "A.D", LVI-LVII, 1920-1921, pp. 201-213.

4-Les chrétiens aux bêtes : souvenirs de la guerre sainte proclamée par les Turcs contre les *chrétiens en 1915*, préface par Jean-Pierre Péroncel-Hugoz ; étude et présentation du document par Joseph Alichoran, Paris : Cerf, 2005.

کورتکراوەکان:

L'Année Dominaicane : A.D

Annales de la Propagation de la foi : A.P.F

بنکەی ژین
www.zheen.org


L'ANNÉE

DOMINICAINE

BULLETIN MENSUEL

DE L'ORDRE DE SAINT-DOMINIQUE

TOME DIX-HUITIÈME

DIX-NEUVIÈME ANNÉE

Janvier à Décembre 1879

PARIS

COUVENT DES DOMINICAINS

9, rue Jean de Beauvais.

1879

گۆواری

ساڵنامەی دۆمینیکان– ١٨٧٩



20e année. N° 235. Janvier 1880.

L'ANNÉE

DOMINICAINE

REVUE MENSUELLE

DE L'ORDRE DE SAINT-DOMINIQUE

SOMMAIRE

	Pages
LE PAUVRE SELON LE MONDE ET SELON L'ÉVANGILE. — Sermon de charité, inédit, par le P. Lacordaire	1
LA SAINTE-CÉCILE A L'ÉCOLE DE SORÈZE	14
LA PREMIÈRE CARAVANE D'ARCUEIL. — Fragments accompagnés de gravures. L. Coublevie	18
BIBLIOGRAPHIE — Vie de Frédéric Ozanam	21
CHRONIQUE. — Rome : une audience du Saint-Père. — Paris : les conférences de Saint-Philippe du Roule et le P. Didon. — Mossoul : détails sur l'arrivée des derniers missionnaires. — Trinidad : arrivée de missionnaires et de religieuses. — Canada : mouvement de personnel. — Russie : le couvent des Dominicains. — Espagne : un nouveau pensionnat de sœurs Dominicaines. Manille : Le Rme Père Larroca. — Belgique : restauration de l'église des Dominicains de Tirlemont. — Le Mans : le passé du Tiers-Ordre. — Le Havre : l'Immaculée-Conception et les associés du Rosaire. — Béthanie : une professon. — Bul etin des Écoles : Arcachon, la fête de l'Immaculée-Conception à bord de *l'Immacolata*. — Arcueil : création d'un fourneau économique. — Nouvelles diverses. — A nos abonnés : causerie	22
POÉSIE. — l'Épiphanie	41
NÉCROLOGIE	42
LE MOIS DE JANVIER. — Recommandations. — Indulgences. — Prédications	44

VERITAS

PRIX DE L'ABONNEMENT :

5 fr pour la France.

UN NUMÉRO : 50 CENT.

PRIX DE L'ABONNEMENT :

6 fr. pour l'Étranger.

UN NUMÉRO : 50 CENT.

بنكەی ژین
www.zheen.org

ON S'ABONNE :

AU COUVENT DES DOMINICAINS

9, rue Jean-de-Beauvais,

PARIS.

گۆواری ساڵنامەی دۆمینیکان- ١٨٨٠

VOYAGE D'UN MISSIONNAIRE

DANS LES PROVINCES DE KERKOUK ET DE SOLIMANIÉ DE L'EMPIRE TURC.

(Suite. Voir le n° 233.)

II.

D'Aïncawa à Kerkouk. — Le Petit-Zab. — Altoun-Kupri. — Ville et chrétienté de Kerkouk.

Au bout de cinq jours, j'étais bien remis de ma fatigue, grâce à la charité du prêtre Élias qui m'avait donné l'hospitalité. N'ayant rien à faire dans cette population qui ne m'accueillait pas, je n'avais plus qu'à poursuivre ma route. Pendant mon séjour à Aïncawa deux caravanes avaient été dévalisées dans les environs, cependant comptant sur la Providence je n'hésitai pas à m'unir à une caravane en partance pour Kerkouk. C'était le 24 juin au soir. Après treize heures de marche nous arrivâmes à Altoun-Kupri, *le Pont-d'Or*, village musulman, ainsi nommé à cause d'un antique pont de très-belle construction, mais aujourd'hui très-avarié, qui est jeté en cet endroit sur la rivière appelée le Petit-Zab. Là se pêche beaucoup l'énorme poisson qu'on appelle à Mossoul *poisson de Tobie;* je comprends que le jeune Tobie en ait été épouvanté, car sa grosseur est telle qu'un âne en a toute sa charge. J'en ai vu moi-même un qui s'était engagé dans une anse de la rivière, je l'ai pris tout d'abord pour un gros tronc d'arbre tombé là par hasard.

D'Altoun-Kupri nous arrivâmes en dix heures à Kerkouk. Laissez-moi vous raconter un incident de ma prise de possession de cette ville. Il était deux heures du matin quand j'y entrai. A cette heure, ne voulant pas déranger l'évêque, chez qui je devais prendre mon logement, j'allai frapper à la porte d'un khan. On refusa de m'ouvrir. Je me transportai à un autre; même réponse. Je me disposais à coucher sur un banc laissé dans la rue, lorsque le propriétaire arrive et me fait déloger. Pour n'inquiéter personne et me reposer

بەشی دووەمی گەشتنامەکە بە فرەنسی

www.mzheen.org

leurs eaux réunies finissent par donner un volume d'eau qui forme quelquefois de véritables rivières. Ce genre de puits porte dans tout le pays le nom de *Karez*.

V.

Passage sur la tribu des Chouans. — Route de Koï-Sendjaq.

Je quittai Solimanié le 19 juillet, toute la population chrétienne vint me conduire hors de la ville. Je me rendais à Koï-Sendjak où j'espérais arriver le lendemain, mais je ne comptais pas sur les Chouans dont je devais traverser le pays.

Je commençai ce voyage par être abandonné, à trois heures de Solimanié, par les Zaptiés que le gouverneur m'avait donnés pour guides. Ceux que je me procurai ensuite perdirent la route, et après seize heures de marche, me firent aboutir au village d'Aghdjelar, en pleine tribu des Chouans. Le pays était magnifique et des plus pittoresques, mais j'étais tombé au milieu de Kurdes des plus rapaces. Leur réputation égale celle des Amawandes, leurs voisins, mais ils sont plus lâches et moins habiles qu'eux. Il fallait voir quels regards d'envie ils jetaient sur mes bagages, avec quelle avidité ils les palpaient en tout sens. Sans la crainte qu'inspire le nom de Franc, ils m'auraient certainement dévalisé jusqu'à la chemise inclusivement. D'Aghdjelar je devais me rendre au petit Zab, qui en est distant de six heures. Quatre fois je fus abandonné par mes guides dans ce court espace de chemin, et ce n'est qu'à grand'peine et en menaçant de toutes les colères de la France et du sultan que je pus m'en procurer d'autres. Une fois quatre de ces coquins s'arrêtent tout à coup, braquent leurs fusils contre moi et demandent à être payés à l'instant : « Au Zab, leur dis-je, et pas avant ; c'est la convention. » Ils saisissent la bride de mon cheval, me mettent la fourche de leurs fusils dans les jambes et se disposent à me faire un mauvais parti. Ahmed, un serviteur musulman que j'avais à mon service, accourt furieux, me délivre de leurs mains, et par son énergique contenance finit par les intimi-

www.zheen.org

بەشی پێنجەمی گەشتنامەکە بە فرەنسی

ژاك ڕيتۆرێ

گەشتنامەی مسیۆنێرێك

بۆ ناوچەکانی کەرکووك و سلێمانیی

ئیمپراتۆریای تورك

***

گۆواری (ساڵنامەی دۆمینیکان)

پاریس

١٨٧٩-١٨٨٠

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەرگێڕانی دەقاودەقی گەشتنامە فرانسییەکە

بنکەی ژین
www.zheen.org

١

لە مووسڵەوە بۆ ئەربیل- زاب- ئەربیل - عەنکاوە و مەسیحییەکانی

ڕۆژی ١٧ی حوزەیران لە مووسڵ وەدەرکەوتم. پاشا پسووڵەیەکی گوزەرنامەی بۆ کردبووم کە بەشێوەیەکی تەواو دۆستانە نووسرابوو و دەبوو لەلایەن ئەو دەسەڵاتکارانەی کە لەسەر ڕێگە تووشیان دەبووم، بەکەڵکم بێت. بۆ ئەوەی زیاتر بە دڵنیایی سەفەر بکەم، خۆم بەگەڵ کاروانێك دا کە دەچوو بۆ ئەربیل. لەم سەروبەندانەدا هەموو ڕێگەکان پڕ بوون لە دز، کە دەرفەتی گێرگرفتی حکوومەتیان قۆزتبۆوە لە دوای جەنگی تورکی- ڕووسی*، بە فێڵ پارەیان وەردەگرت و بێڕەحمانە

* جەنگی ڕووسی- تورکی ١٨٧٧-١٨٧٨: ئەم جەنگە دەرئەنجامی یەکەمین هەوڵدانی بزووتنەوەی پان- سلافیزم بوو کە ڕێگەی بۆ ڕووسیا خۆشکرد بۆ ئازادی گەلانی سلاڤ لەژێردەستەیی تورك تێبکەوێ. بزووتنەوە و ڕابوونی گەلانی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا ساڵی ١٨٧٥ و دواتر شۆڕشی بولگارستان لە نیسانی ١٨٧٦ کە زیاتر لە ١٥٠٠٠ بولگار بە دەستی سوپای عوسمانی قەتڵ و عام کران، دەنگی ناڕەزایی لە هەموو ئەوروپا بەرزبۆوە لە بریتانیا ولیام گلادستۆن و لە فرانسا ڤیکتۆر هۆگۆ

www.zheen.org

گەشتیارەکانیان ڕووت دەکردنەوە. لە یەکەم وچانماندا، بەوەی لە شەو پێنج چارەوێی کاروانەکەی ئێمەیان دزی، باجی خۆیان لێ وەرگرتین. من خۆشحاڵم بووم بەوەی نەبووم بە قوربانی جەربەزەییان، چونکە وڵاخەکانم لە هەمان ئەو گۆڕەپانە بوون کە دزیەکەی تێدا کرابوو. هەشت سەعات دوور لە مووسڵ ڕووباری جوانی خازرمان بڕی و دوو کاتژمێر دواتر گەیشتینە لێواری زێی گەورە.

ئەم ڕووبارە لە کۆندا بە ناوی لیکیوس* ناسراوە کە پێدەشتی ئەربیل دیاری دەکات کە بۆ هەمیشە بە سەرکەوتنی ئەسکەندەری گەورە بەسەر پاشای فارس، داریۆش دا لەو شارەدا، دەناسرێتەوە. زێی گەورە لەناو بەرزایی چیایەکانی کوردستانی سەروو هەڵدەقووڵێ ولەوێوەوە بە تاو دەرژێتە ناو ڕووباری دەجڵە کە لەوێوەوە بە ڕۆژهەڕێیەك لە لای مووسڵەوە تێکەڵی دەبێ. ناوەکەی کە لە عەرەبی و یۆنانی دا واتەی گورگ دەگەیەنێ، لەوەوە هاتووە کە ئاوەکەی

بەگەرمی ناڕەزاییان دەربڕی. لە کۆنفرەنسی ئەستەمووڵ کە ڕووسیا، بریتانیای فەخیمە و نەمسا بەشداربوون، داوای ئۆتۆنۆمی یان بۆ مەسیحییەکان کرد. دواتر تەنگژەی نێوان ڕووسیا و تورکیا بەرەو جەنگ ڕۆیشتن و ڕووسیا لە دوو بەرەوە پەلاماری ئیمپراتۆریا عوسمانی دا: بەرەی قەوقاز و بەرەی بالقان. سوپای عوسمانی لە کۆتایی شەرەکە ئەوها تێکشکا کە ئیدی گرتنی ئەستەمووڵ–یش چاوەڕوانکراو بوو ئەگەر هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان ڕێگەیان بدابوایە. عوسمانی لە ٣ ی ئاداری ١٨٧٨ پەیماننامەی سان ستیفانۆ یان لەگەڵ ڕووسیا مۆرکرد. ئەنجامەکانی ئەم جەنگە بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانی هێندە کارەستبار بوو کە دەسەڵاتی عوسمانی بە فیعلی تەنها لە ئەستەمووڵ مابۆوە، وەرگێڕ.

* Lycus: ئەم ڕووبارە بە یۆنانی کۆن پێی دەڵێن Lykos و بە لاتینی Lycus، بە کوردی (زێی گەورە) و بە عەرەبی (الزاب الاعلی)ی پێدەڵێن، وەرگێڕ.

www.zheen.org

تیژڕۆیەو هەموو شتێك لەسەرە ڕێگەی خۆیدا ڕادەماڵێ و لە گەڵە گورگی پەلاماردەر دەچێ.

ئێمە لەسەر شێوەی دابی وڵاتەکە، واتە لەناو جۆرە کەشتییەکی نوح لەم ڕووبارە ترسناکە پەڕینەوە، کە مرۆڤ و جانتاکان پێکەوە تێکەڵ و کەڵەکە بووبووین.، ولاخەکانمان بە کەڵەك کە ڕادەکێشران، بەشوێنمانەوە بوون.

لەولای دیکە، لەسەر کەناری ڕووبارێکی زۆر درێژبۆوە، ئاوایی زیوە[**]ی لێیە، کە کوردە ئێزیدییەکان یا شەیتان پەرستانەکانی لێن. کاروانەکەمان سپێدەی ڕۆژی ١٨ی حوزەیران وەستا و ئێوارە لەگەڵ خۆر ئاوابوون، دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە. ئێمە لە دەشتاییەکانی ئەربیل بووین، خەیاڵم دووبارە ئەم پێدەشتە پان و بەرینەی سوپای جەنگاوەریی دەهێنایە بەرچاوان و لەوە تێدەفکریم چۆن دواجار خەڵکی لەگەڵ شکۆیەکانیاندا دەڕۆن و چۆن هەر تەنها خوداوەند بەتاك و تەنیا دەمێنێتەوە. بەدوای ئەوەدا دەگەڕام ئەم خەونانەی ڕابووردوو درێژبکەمەوە، بۆ ئەوەی خۆم لە دەست ئەم شەکەتییە راببوێرم کە بەدەست ئەو ڕێگە سەختە و هەڵبەز و دابەزی ولاخەکەمەوە تووشی بووبووم. وێڕای ئەوە ماندوو و شەکەت هەر گەیشتمە ئەربیل. پەلەم کرد بچم شوێنێك لە خان بدۆزمەوە بۆ ئەوەی تێیدا بحەسێمەوە، تا ئەو کاتەی چاوەڕوانی ئەوە بکەم کاروانێکی دیکە بەرەو کەرکووك دەردەچێ. بەلام هێندە ماندووبووم دەبوو واز لەوە بێنم بۆ ئەو دەمە زیاتر دوورتر بڕۆم و بە پێزانینیەوە داوای چەند مەسیحییێکی عەنکاوەم قەبووڵ کرد، بۆ ئەوەی بچم لە لای ئەوان بحەسێمەوە. عەنکاوە تەنها نیو

Zaoua [**]

کاتـژمێر لـه ئەربیلـەوه دووره. بـەڵام پـێش ئـەوەی ئـەم شـاره نـاوداره کەونارایـه بـەجێبهێڵم، ڕێگـەم بـدەن بـا پێتـان بڵـێم ڕەوشـی ئێـستەی شارەکه چۆنه.

ئـەرڤیل * یـا ئـەربیل، ئـەربیلای کـۆن، ئـەمڕۆ هێـشتا لەسـەر هـەمان شـوێنی کـەونارای شـاری ئاشـوورییه. شـارەکه کەوتۆتـه سـەر بـەرزایی "گردێك" کـه بـه شێوەیەکی ڕێكوپێك بـه دەسـتی مـرۆ دروسـت کـراوه و لـەویوەوه بـه شـکۆوه بەسـەر تـەواوی پێدەشـتەکەدا دەڕوانـێ. دواتـر بـه تێپەڕبوونی کات، خەڵکەکان هاتوون لـه بن پاڵی گردەکه خڕبوونەتـەوه و ئەوه وای کردووه که شاره نوێیەکه له دوو بەش پێك بێ، قەڵا یـان بـەرزه شـار کـه بەڕێوەبـەر و بنەماڵـه کۆنـەکانی تێـدا دەژیـن و نزمـه شـار کـه "کورتەك"** ی پێدەڵێن و به شێوەیەکی بنچینەیی بریتین له بازرگانـەکان. لەبەر هەڵکەوتـەی شوێنه تۆپۆگرافییەکـەی، لـه نێوان پێدەشت و چیادا، ئەربیل برێك بایەخی بازرگانیی پاراستووه.، کورد، تورکمـان و عـەرەب به کـاروانی هەمیـشه دووبـارەوەبوو دەگەنـه شـارەکه و بەرهەمـەکانیان بـۆ شارەکه دەهێنن بۆ ئەوەی بیفرۆشن، یان بەرامبەر به کاڵای خۆراکی دیکه بیگۆڕنەوه. بێجگـه لـه چەند بنەماڵەیـەکی جوولەکه، خەڵکەکـه هـەموویان موسڵمانن و دەشـێ دانیشتوانەکەی بگاتـه دوانزه تـا پـانزه هـەزار کـەس. موسڵمانەکان به تورکییێکی- شێواو قسه دەکەن، جوولەکـەکان بـه کلدانی بـازاڕی قسه دەکـەن، کـه زمـانی هاوبەشـه لەگـەڵ مەسـیحییەکانی هـەموو کوردستاندا.

www.zheen.org

Ervil *
Kotrak **

یەك تاقە مەسیحی چییە لە ئەربیل ناژی، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم شارە لە دەورانی کۆندا مەسیحیی تێدا ژیاوە و شوێنی نیشتەنی مەترانێکی کاتۆلیکی بووە. خەڵکە مەسیحییەکە، چەوساوە و لە بەشمەینەتییێکی بەردەوامدا بوون لەم هەرێمەدا، ماوەیەکی درێژ دەبێ وازیان لەم شارە هێناوە بۆ ئەوەی زۆر دوورنا، لە شوێنکدا گردببنەوە کە ئەمڕۆ ئاوایی عەنکاوەی کلدانییەکانە.

خۆشنوود بووم کە بەخششی خوادوەند ناچاری کردم لەم شوێنە گرینگەی مەسیحایەتی وچان بدەم کە من بۆ خۆم وام دانابوو تەنها لەکاتی گەڕانەوەمدا سەردانی بکەم. بەداخەوە لابالی جیابووەوە کە نەتەوەی کلدانییەکانی دابەش کردووە لەناو ئەم خەڵکە کاری کردووە. بەمشێوەیە لەجیاتی ئەوەی بەخێرهاتنم بکەن، وەکوو گومانلێکراوێك وەریان گرتم. بانگەشەی ئەوەیان کرد کە من نیازی بەلاتینیزەکردنی ئاواییەکەم هەبێ. گومڕایی بێناو! لە هەموو لایەکەوە دەنگی ناڕەزایی بەرزبۆوە. ((*هاوڕێکانم، ڕۆژێکیان من پێیم گوتن، ئێمە ئەگەر بمانەوێ کلدانییەکان لاتینیزە بکەین، ئەوا پارە بە مامۆستای گوندەکانیان نادەین تا زمان و ویردی ئایینی مەسیحیی تایبەت بە نەتەوەی خۆیان بڵێنەوە. ئەوەی ئێمە لە ئێوەمان دەوێ، ئەوەیە کە مەسیحی خاوەن باوەڕ و سەرڕاست بن لەگەڵ کڵێسەی پیرۆز، ئەوە بەلای ئێمەوە گرینگ نییە کە ئێوە عەقیدەی ئایینیتان بە لاتینی بێ یا بە کلدانی. بڕوا بکەن، ئەگەر کڵێسە دایکی هەموومان، ببینێ ئێمە ئامانجێکی دیکەی بەدەر لە پیرۆزیکردنی ڕۆحی ئێوە لە کۆششی ئێمەدایە، ئەوا یەکەم کەس دەبێ سزامان دەدات*)). ئەم قسانە وا پێدەچوو ڕۆحەکانی هێور کردەوە، بەڵام لە هەمان ڕۆژدا نامەیەك لە مووسڵەوە لە جیابووەوەکان هاتبوو کە تێیدا

www.zheen.org

وتبووی: ((فرانسیەکان بە قسەی ڕیاکارانە هەڵخەڵەتێنەرن، وریایان بن، ئەو کاتەی قسەتان بۆ دەکەن خێر بکەن)). شەیتان بۆ خۆی ناتوانیٚ لەمە زیاتر لێزانانەتر قسە بکات. لە نوێوەوە ڕیسەکەم بوو بە خوری و دیسان کەوتمەوە بەر دیدەی گومان.

هەڵبەت، بەداخەوەم کە نەمتوانی کار لەم خەڵکە بکەم، چونکە بۆم دەرکەوت بڕێك حەماسەیان تێدا بوو بۆ پراتیکردنی ئایینی، ئەوەی کە بەداخەوە بەرەبەرە لەناو نەتەوەی کلداندا کەم دەبێتەوە، بە تایبەتی لەوەتەی ئەو جیابوونەوەیەوە کە ناوچەکەی کردۆتە بیابان. هەموو ڕۆژ ژمارەیەکی زۆری بەشداری نەریتی ئایینی پیرۆزم دەبینی، زۆر کەسیان خۆیان لە قوربانی پیرۆز نزیك دەکردەوە و یەکشەموان کڵێسە لە هامشۆکەرانی ئایینی پیرۆز چۆڵ نەدەبۆوە و منیش بە سیفەتی نوایندەی سانت دۆمینیکان، بەتەواوی بەوە خۆشنوود دەبووم کە دەمبینین لەناو هەموو ئەم پراتیکانەدا سانت ڕۆسێر کیتابی هاوبەشی نوێژکردن بوو، چ بە شێوەیەکی تایبەت و چ بە شێوەیەکی گشتی. شاژنە قەدیسی ڕۆسێری زۆر پیرۆز ئەم خەڵکە داماوە لە گومڕایی خۆیان ڕزگار دەکات و منیش هیواخواز بووم و کاتیٚ باسی نوێژە پیرۆزەکانیانم بیست، هیوای ئەوەم بۆ دەخواستن.

شەش قەشە ئەم مەسیحیانە بەڕێوە دەبەن کە بریتین لە دووسەد و پەنجا بنەماڵە. قوتابخانەی کوڕان و قوتابخانەی کچانی لێیە. زۆرینەی خەڵکی عەنکاوە کشتوکاڵکارن، دەستی کارامەیان باشترین بەشی پێدەشتی ئەربیل بەرهەم دەهێنن و ئاواییەکەیان بووەتە کۆگەی وڵات.

www.zheen.org

٢

لە عەنکاوە بۆ کەرکووک- زێی بچووک
-ئاڵتوون کۆپری- شار و مەسیحیایەتیی کەرکووک

دوای پێنج ڕۆژ، لە سایەی چاکەی قەشە ئەلیاس کە میوانداریی کردم تەواو حەسابوومەوە. بەوەی کە هیچ شتێکم نەبوو لەناو ئەم خەڵکەی کە پێشوازییان لێ نەکردم، تەنها ئەوەم لەسەر مابوو ڕێگەکەم بگرمە بەر. کاتی مانەوەم لە عەنکاوە، دوو کاروان لە دەوروبەری ڕووت کرانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا متمانەکردوو بە عینایەی خودایی دوودڵ نەبووم لەوەی خۆم بەگەڵ کاروانێك بدەم کە بۆ کەرکووك بچێ. ئەوەیان ئێوارەی ٢٤ی حوزەیران بوو. دوای سێزدە کاتژمێر ڕۆیشتن گەیشتینە ئاڵتوون کۆپری، پردی زێڕین، ئاوایییەکی موسڵمان، کە بەمشێوەیە بەهۆی پردێکی کەونارای زۆر جوان دروستکراو ئاوا ناویان ناوە. بەڵام ئەمڕۆ زۆری–تێك چووە، ئەم پردە کەوتۆتە ئەم شوێنە لەسەر ڕووبارێك

کە پێی دەڵێن زێی بچووک. لەوێ ماسیی فرە گەورە ڕاو دەکەن کە لە مووسڵ پێی دەڵێن ماسی تۆبی* ، تێدەگەم ماسییە تۆبییە بچووکەکان زارەترک بووبوون، چونکە گەورەییەکەی بەقەد باری کەرێك دەبوو. من خۆم یەکێکم بینی لە تەنکەی ڕووبارەکەدا بوو، سەرەتا بە قەدی درەختێك کە بە ڕێکەوت لەوناوەدا کەوتبووە، هەڵمگرتەوە.

لە ئاڵتوون کۆپری بە دە کاتژمێر گەیشتینە کەرکووك، ڕێگەم بدەن با ڕووداوێکی جێنشین بوونی خۆمتان لەم شارەدا بۆ بگێڕمەوە. کاتژمێر دووی بەیانی بوو وەختایەك چوومە ناو شارەکە. بەم سات و وەختە، چۆن نەمدەویست مەتران، کە دەبوو لای ئەو بمێنمەوە، جاڕس بکەم، چووم لە دەرگەی خانێکم دا. ڕەتیان کردەوە دەرگەم لێ بکەنەوە. چووم بۆ لای خانێکی دیکە، هەمان وەڵام. خۆم ئامادە کرد لەسەر تەختەبەندێك کە لەناو کۆڵانەکە بەجێهێڵدرابوو، بخەوم. وەختایەك بینیم خاوەنەکەی هات و لەسەر تەختەبەندەکە دەریکردم. بۆ ئەوەی کەس جاڕس نەکەم و بە ئیسراحەتی خۆم پاڵ بدەمەوە، چونکە لەو دوو قۆناغە بەزۆرەی کە لە عەنکاوەوە بڕیبوومان، زۆر شەکەت بوو بووم، بۆیە قاڵیەکەم لە سوچێکی کۆڵانەکەدا ڕاخست و دەمودەست لێی ڕاکشام. وەك کەسێکی زۆر بەختیار نوستبووم، وەختایەك زوو ڕەوە حوشترێك بەناو ئەو کۆڵانەی کە منی تێدا خەوتبووم، ڕەت بوون، فراوانی ئەم ئاژەڵە چارەوانە بەرەو ڕووی ماڵەکەم بوونەوە و ناچاریان کردم لەوێش هەڵبەقەنێم. ئەوکاتە هەستم کرد دوو کەفییە کە لە ڕێگە سەرم پێبەستبوونەوە، ون بوون و بۆم دەرکەوت دوو زاپیت (ژەندارمە) کە منیان لە ئاڵتوون کۆپرییەوە لەگەڵ خۆیاندا هێنا، بکەری ئەم دزییە بوون. کەوایە دروود بۆ سوڵتان بۆ

---

poisson de tobi *

www.zheen.org

ئەم بیرۆکە شیاوەی کە هەر ئێستە بۆ بڕیاری جەسوورانەی بۆ ڕیفۆرمی ژاندرمەری ئیمپراتۆریاکەی، تەنها بە پیاوی سەرڕاست ببەخشن، کە گەشتیاری گوناه پێزانینی خۆیان پێدەبەخشن، چونکە ژاندرمەی ئێستا دزی هەرە ترسناکن.

ڕۆژەکانی هەوەڵ ڕۆژ بەختم خراپ بوو، بەڵام دواتر بە زیادەوە تۆڵەم بۆ کرایەوە. بە موحیبەتێکی تەواو باوکانە لە لایەن پیرە مەتران، جەنابی عالی یۆحەننا و مەسیحییەکانی دیکەی وەك ئەو بە چاکترین شێوە پێشوازییان لێ کردم. لەوێ جیهانێکی مەسیحی هەرە بەهێزی خوداپەرستیم بینی، ڕۆحانیەتی یەکگرتوویی، حەماسە بۆ پراتیکیکردنی ئایین، ڕێزگرتن و گوێڕایەڵی بۆ مەترانی پیرۆز. جیاوازخوازی بەشوێن ئەوەدا گەڕاوە ئەوانیش دابەش بکات، بەڵام لەبەرامبەر سادەیی ئایینی ئەم خەڵکە میهرەبانە مەسیحییە و وریایی قەشەکەیاندا سەرنەکەوتووە.

باوەڕی ئایینی مەسیحییەکانی کەرکووك بەرودوا لە ڕاگرتنی کڵێسەکەیاندا بوو کە وێرای هەژاریی کڵێسەکە، کەچی پاك و تەمیز و لێزانانە ڕازابۆوە. جاران تاجی زێڕ و زیو کە بە نەزر پێیان درابوو، دیکۆری سەری مریەم و پیرۆزەکانی ڕازاندبۆوە، بەڵام ئەم دەوڵەمەندیانە هەمیشە جێگەی مەترسییە لەناو کڵێسەی مەسیحییەکان.ساڵێك دەبێ، لە شەوێکدا، هەموویان بە کاسەکانەوە، بە جلوبەرگی قەشە و شتە گرانبەهایەکانی دیکەشەوە دزران.

کۆمیونیتەی مەسیحییەکانی کەرکووك لەناو شارەکەدا پەنجا ماڵێك و لە دەروبەری (قۆریە)ش بیست بنەماڵەیەك دەبن. ئەم گرۆ بچکۆلانەیە لەناو دەوربەرێکی سی هەزار کەسیدا ون بووە. لەم ژمارەیە، کۆمیونیتەی جوولەکە نزیکەی دووسەد ماڵ دەبێ، ئەوانی دیکە

بنکەی ژین
www.zheen.org

موسڵمانن. بەڵام ئێمە شادمانین کە دەبینین وێڕای هەمەچەشنەیی ئایینەکان، خەڵکەکە لە هارمۆنییەکی باش پێکەوە دەژین. موسڵمانەکان هەروەکوو مەسیحییەکان بە قەشە دەڵێن وەستا، واتە سەردار.، پیرە مەتران بەگشتی ڕێز لێگیراوە. من ئەوە تەواو سەراسیمەی کردم کە بینیم هاوسێ موسڵمانەکان وەك باوكێك مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و بە هەموو بڕوایەکیانەوە جیاوازیەکانیان خستۆتە خزمەتی بڕیاری ئەو.

بێجگە لە مەتران، دوو قەشە مەسیحییەکانی شارەکە و یەکێکیش مەسیحییەکانی دەوروبەری قۆریە بەڕێوە دەبەن. لەناو شاردا قوتابخانەیەکی کوڕان هەیە کە لەلایەن مسیۆنی تەبشیرییەوە پشتیوانی دەکرێ و منداڵەکان تێیدا فێری نوێژ، عەقیدەی مەسیحیایەتی، خوێندنەوە و نووسینی کلدانی دەکرێن. ئەمە بۆ شارێکی وەك کەرکووك شتێکی بنچینەییە و ئەوەی بەتایبەتی جێگەی تووڕەییە ئەوەیە کە بۆ خوێندنەوە و نووسینی تورکی کە زمانی هاوبەشی تەواوی دانیشتوانی شارەکەیە، منداڵەکان ناچارن بچن لە لای مەلایەکان لە مزگەوت دەرس بخوێنن. هەرچی کچەکانیشن، لەناو نەزانییەکی تەواودا بەجێهێڵدراون.

چەندە ئەم مەسیحییە چاکانەی کەرکووك لێمان پاڕانەوە بۆ ئەوەی بایەخیان پێبدەین بۆ ڕێنوێنیکردنی منداڵەکانیان و بۆ پرۆژەی دیکە کە وا پێ دەچێ بۆیان بەسوود بێت. دەبێ لەناو ئەوانەدا فۆنداسیۆنێکی مسیۆنێری و خوشکان دابمەزرێ. بەڵام ئەوەندە ناوچەی دیکەی گرینگ داوای ئالیکاریی ئێمە دەکات و ئێمەش ئەوەندە کارمەندمان کەمە بۆ ئەو شوێنە بەربڵاوەی کە پێمان سپێردراوە!

کەرکووك لە ساڵنامە مەسیحییەکانی یەکەم سەدەی مەسیحیایەتیدا بەناوبانگە. هەزاران شەهید خوێنی خۆیان ڕشتووە بۆ

www.zheen.org

ئايين لە ژێر چەوساندنەوەی فارسەکان. ئەمڕۆ ئێستاکەشی لەگەڵدا بێ کەرکووک، شاری کڵێسەی مار-تامزگار، کە لەسایەی دەورانی کۆنستەنتین دا دروست کراوە، بەگوێرەی گێڕانەوەکان بەشێکی ئێسك و پرووسکە گرانبەهایەکانی پاراستووە.

جگە لەو پاشماوە پیرۆزە، کەرکووک شتی پیرۆزتری بەهەمان شێوە گرانبەهای لەخۆ گرتووە، ئەگەر بڕوا بە گێڕانەوەکانی وڵاتەکە بکەین. ئەوانە برییتن لە جەستەی سێ گەنجەکە کە فڕێ دراونەتە ناو تەوون: ئەنانی، ئازەری و میزایل. ئەم ئێسك وپرووسکانە لەناو مزگەوتێکدا نێژراون کە موسڵمانەکان و جوولەکەکان یەکجار لە ساڵێکدا زیارەتیان دەکەن.

کەرکووک، بە هەمان شێوەی ئەربیل، لەسەر گردێکی ئاشووری بنیات نراوە، لەوێش شارەکە دابەشی سەر قەڵا یا بەرزەشار و نزمەشار بووە. زۆری ئاو ڕێگەی پێداون باخچەی گەلێك جوان دروست بکەن کە هەموو درەختە گەرمەکانی تێدا دەبێ: دارپرتەقاڵ، دارهەنار، لیمۆ، دارخورما. لەگەڵ گوڵاو و بۆنە ئاوێك بەکار دەهێنن کە عادەت وایە بەسەر و جلوبەرگی ئەو کەسانەیدا دەپرژێنن کە هاتوون سەردانیان بکەن. وێڕای ئەوەی لەوەی بەغدا کەمتر چاڵاك ترە، دارخورما دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە بەشێوەیەك لە هەموو ماڵێکی نزمە شاردا، دەبینین سەری شکۆی بەرز کردۆتەوە و بە هێشووی گەورە تێکەڵی منارە و گومەزەی مزگەوتەکان دەبێ، ئەوەی کە دیمەنێکی دڵڕفێن و ڕەنگێکی تەواو ڕۆژهەڵاتیانەی بە شارەکە بەخشیوە.

شارەکە وا پێدەچێ لەسەر زەوییێکی بورکاناوی دروست کرابێ. لە دەوەرەی شوورەکانی شارەکە، لە نزیك ئەو گردانەی کە لەنزیك

www.zheen.org

شارەکەن، بە شەقاری زەوییەکەدا، لە زۆر جێگەدا ئاگرێکی شینباوی لێ بەرز دەبێتەوە کە بە زمانی بازاڕی پێی دەڵێن بابە گوڕگوڕ. لە یەك کاتژمێری شارەکە، لەسەر ڕێگەی ئاڵتوون کۆپری، سەرچاوەکانی نەوتی لێیە، کە گەلێك زۆرە و لە کۆندا لە لایەن ئیکگزینۆفۆنەوە ناوی براوە. ئەم نەوتانە هەر بە دەرنەکراوی ماونەتەوە. لە ناوەڕاستی ئەم چاوگە [نەوتانەدا، وەرگێڕ] جۆگەلە ئاوێکی ڕوونی هەڵدەقوڵێ کە ئاژەڵەکان بە تێرنەخۆری ئاوی لێ دەخۆنەوە و بە گوێرەی ئەو تێبینیانەی وا ئێمە کردمان، ئاوەکە زوو قەڵەویان دەکات. هاوشارییەکان لایان وایە ئەم ئاوە چارەسەرێکی چاکە بۆ بڕێك نەخۆشیی پێست.

ماوەی پانزە ڕۆژی مانەوەم، بە پیاوچاکیی پێشوازیکردنی مەسیحییەکانی کەرکووك خۆشنوود بووم، کە ئەگەر بە ویستی خۆم بوایە هەر لەوێ دەمامەوە، بەڵام شوێنی دیکەی کڵێسەی خودایی بانگەوازیان لێ دەکردم. نەمزانی چۆن چاکەی ئەو پێشوازییە بەخشندانەیە بدەمەوە کە لێیان کردم.، بێگومان ئەوە ژنانی کرێکارانی پاریس بوون کە یاریدەیان دام ئەم ئەرکەی پێزانینە بە ئەستۆ گرم. من لەگەڵ خۆمدا باوڵێکی ڕازانەوەی نەخش و نیگار و پەڕۆی سپی (تەوەرك)ی کڵێسەم پێبوو کە بە دەستی خێرخوازانەیان ئامادە کرابوو، دابەشم کرد بۆ ئەوەی هەموو ئەو بەخششە کە بۆ کاتێدراڵ و ئەسقەفیەکەی نێردرابوو، بدەمە دەست مەترانی پیرۆزی خانەخوێیەکەم.

www.zheen.org

٣

ڕێگەی سلێمانی- هۆزی هەمەوەند

٩ی تەمموز ماڵئاواییم لە شاری ئازیزی کەرکووك کرد و لەگەڵ کاروانێکدا کە بۆ سلێمانی دەچوو، بەڕێکەوتم. دەبوو بەناو هۆزی گەورەی هەمەوەندەکاندا تێپەڕ بین کە هەموودەم بە ڕاوڕووت ناسراون. بەگوێرەی ئەوەی بیستبووم و بۆمیان گێڕابۆوە، دەبوو بڕیار بدەم ئەگەر بمەوێ تەواو دڵنیابم.

بەشێوەیەکی گشتی، هەمەوەندەکان تەنها لەسەر ئەو دەستکەوتانە دەژین کە لە گەشتیارەکان بەردەستی دەخەن و کارکردن بۆ ئەوان مایەی شەرمەزارییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك دەڵێن شەهامەتی ئەوەیان هەیە پەلاماری ڕێبواری تاك و تەنیا نادەن، بەڵکوو تەنها پەلاماری کاروانەکان دەدەن. ژن و منداڵەکانیش دێن بۆ دەستکەوت و هەموویان دەبێ شێوازی پەلامارو ئاڕاستەی شەڕکردن بزانن. هەمەوەندی چاك، وەك دەڵێن لەبەردەم خوداوەنددا شەرافەتمەند نابێ ئەگەر شوێنی

چەند برینێک بەسەر جەستەیەوە نەبێ کە لە شەڕدا بریندار بووبێ. قوربەسەر ئەو کەسەیە کە بەر لەوەی ئەو نیشانەی ئازایەتییەی پێوە بێ، مەرگ پەلاماری دەدات، بەڵام ئەگەر لەناو کۆمەڵێک دۆست و یاردا بمرێ، ئەوا ئەوانە ئەوە لەدەست نادەن هەوڵێکی خێرخوازانەی بۆ بدەن بەوەی خەنجەرەکانیان دوای مردنی دەخەنە سەرینی، تاوەکوو بتوانی لە ڕۆژی مەحشەردا نێوچەوانی بەرز بکاتەوە. وا دەبێ مردووەکان لەناو گۆڕ دەهێننە دەرەوە، تا ئەم ئەرکە چاکەیەی لەگەڵدا بکەن. بابیعالی هەر تەنها بەناو دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە، هەر چەند ڕۆژێک بەر لە ڕۆیشتنی من، کارمەندێکی باجگریان کوشتبوو. بۆ ئەوەی ڕاوڕووتی خۆیان زۆر بەبێ زیان ڕایی بکەن، هەموویان ڕێکخستنێکی جاسووسکارییان لە ناو ناوەندە سەرەکییەکانی حکوومەتدا جێگیر کردووە، بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی ئەو هەنگاوهەڵگرتنە، ئەوەش کە ئەوانە [ناوەندە حکوومییەکان، وەرگێڕ] دەیانەوێ بیگرنە بەر، یا بۆ ئاگادارکردنەوەی سەرۆک هۆزەکان لە وادەی خۆیدا دەینێرن. ئەوانە هەرکاتێک بەوە بزانن کە سوپای نیزامی هێرش دەکاتە سەر هۆزەکە، دەمودەست جاڕ لەناو هەموان دەدەن، هەموویان سواری زینی ئەسپە خۆشەویستەکانیان دەبن و بەتاو بۆی دەردەچن و لە نێوان چیایەکان، خەڵەندەکان، تاوێرە بەردەکان، ڕووبارەکان، ئەسپە سەرکێشەکانیان وەک ئەوەی باڵی هەبێ، هەموو کەند و کۆسپەکان دەبڕێ و بە چەند کاتژمێرێک دەگەنە سنووری ئێران کە لەوێدا دەستی تۆڵەی سوڵتان ناتوانێ چیتر پێیان ڕابگات. بەڵام لە ئێرانیش ناتوانن واز لە دابی خۆیان بهێنن و دواجار (شا) ڕاویان دەنێ، ئەوسا دێنەوە ناو تورکیا، تا ئەوکاتەی سەرلەنوێ ڕەدوویان دەنێنەوە.

www.zheen.org

لـەكاتی سـەفەرەكەی منـدا، هەمەوەنـدەكان جورئـەتی ئـەوەیان كردبوو تەتەری ئینگلیزیی (تاران) یان گرتبوو. دوای ئەوەی ژمارەیەك لە پیاوەكانی پاسەوانیەكە بریندار دەكەن، دەست بەسەر پارەكەدا دەگرن. دەمودەست سەدان سەرباز لە كەركووكەوە بۆ سەر چەمچەماڵ، ناوەندی ئیداری هۆزەكە دەنێردرێ. لە سایەی بوونی ئەم لەشكرەدا، كاروانەكەی ئێمە هیواخواز بوو بەسەلامەتی بتوانێ تێپەڕ ببێت. لەگەڵ ئەوەشدا، من بەچـاوی خـۆم بینیومـە ئـەو ڕۆژەی بـە چەمـچەماڵ دا تێپــەڕ بـووم، هەمەوەندەكان هێندە زۆر بە بوونی ئەفسەرەكان سەغڵەت نەدەبوون. ئەو ڕۆژەیـان، ئاغـای هۆزەكـە ئاهـەنگی زەماوەنـدی ژنـی نـوێی دەگێـڕا. بـۆ شـەرافەتمەنكردنی ئاغـا، دوو یـا سێـسەد سـوارە لــە هــەموو لایــەكی هۆزەكــەوە هاتبوونــە چەمــچەماڵ. ئێــوارە، هــەموویان لــەو شــوێنە كۆبوونــەوە كــە ئەفـسەرەكان خێوەتیـان لـێ هەڵـدابوو و بەرامبـەر بـە خێوەتەكانیان، لەبەر چاوی ئەم لەشكرە حەپەساوەدا، بۆ ماوەی زیاتر لە سێ كاتژمێر، زەماوەندێكی هەرە بەشان‌وشكۆیان ساز كرد. هەموویان تا تەوقی سەریان چەكدار بوون؛ ڕم لە مشت، شمشێر بە لاتەنیشت، خەنجەر و دەمانچە بەپشتێن، تفەنگ لە شان. شتێكی ناڕەحەت بوو بە تایبەت بۆ لەشـكرەكە، چـونكە هــەموویان پڕچــەك بــوون بــە دەمانــچەی هــەژدە گوللـەخۆری چەكی سوپای نیزامی. ئەمانـە چۆن توانیویانـە ئـەم چەكە قەدەغانـە بەردەسـت بخـەن، كـە تـەنها لـەناو دەبـۆی دەولەتـدا هـە یـە؟ هەمەوەندەكان وەسیلەی تایبەت بە خۆیان هەیە. كاتی جەنگی توركی- ڕووسـی، لەسـەر شێوەی گرووپـی ژمارە زۆر بـە حەماسـەتێك بەشـداری شـەڕەكە بـوون كـە ئێمـە باوەڕمـان پـێ نـەدەكردن، پاشـان، وەختایـەك

چەکیان بەردەست کەوت و چەکدار بوون، بە چەك و جبەخانەکانیانەوە ڕایان کرد.

لە سایەی خودا توانیمان بەبێ هیچ کێشەیەك لەم وڵاتەی دزان تێپەڕ ببین. ڕۆژی ١٠ی تەمموز دۆڵی بازیان مان بڕی و ئێوارە لە پێدەشتی سلێمانی گەیشتینە شوێنێك کە پێی دەڵێن کانی جنە*، لەوێوەوە شەومان لەناو ڕەشماڵە گوندێکدا بەسەر برد. بۆ سبەینێیەکەی، ١١ی تەمووز، ڕێگەکەمان گرتە بەر و تەنها چوار کاتژمێرمان مابوو بۆ ناو شار. ئەو پێدەشتەی کە ئێمەی پێدا ڕەت دەبووین، کەوتبووە نێوان دوو زنجیرە چیا، کە یەکێکیان دەیڕوانیە ئێران. لەناوەڕاستی ئەم زنجیرە چیایەدا چیای پیرەمەگرون بوو کە زۆر لە دوورەوە دەبینرا. ئەم هەرێمە وا پێدەچێ زۆر بەپیت بێ، شارەکە لە دوورەوە دیارە وەك ئەوەی بە ئاسوودەیی لە ناوەڕاستی دارستانێکی دار و درەختی سەوزدا ڕاکشابێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* Kani-Jena

٤

سلێمانی، مەسیحیایەتی و شار

هەر تازە گەیشتبوومە ناو شار کە، بینیم مەسیحییەکان پەلەیان بوو بۆ ئەوەی بێن بەخێرهاتنم بکەن، من دڵشاد بووم بە بینینی ئەم گەواهییە خێرایەی ڕووخۆشی کە من چاوەڕوانی نەبووم، چونکە دەمزانی کە لایەنگیرانی جیابوونەوە لەناو ئەوانیشدا چەند دەنگدانەوەیەکی هەبوە. بەڵام جەنابی عالی یۆحەننا ڕێگەی بۆ خۆش کردبووم و منیش لە لایەنی خۆمەوە هەوڵم دا بۆ ئەوەی پێزانینی زۆر میهرەبانانەم بەرمبەریان بنوێنم، بۆ تێکشکاندنی ئەو گەندە بیرۆکانەی کە دەیتوانی پارچەپارچەیان بکات. بەڵام هەوڵەکان زۆر سەرکەوتووتر بوون وەك لەوەی عەنکاوە و دەتوانم بڵێم لەماوەی هەموو مانەوەکەمدا، تەنها مایەی ڕەزامەندی بووم لەناو ئەم کەمە مەسیحیانەدا. وتەکانی خوام لەناویاندا بڵاو کردەوە، ڕازەکانی ئایینی مەسیحیایەتیم پێبەخشین و لە هەموو ئەم کردارانەدا، توانیم باوەڕی مەسیحییەکان بە مسیۆنێرەکان وەدەست بێنم.

مەسیحییەکانی سلێمانی تەنها بریتی بوون لە بیست ماڵ.

سەرجەمی دانیشتوانی شارەکە نزیکەی پانزە هەزار کەسە، کە لەم ژمارەیە جوولەکەکان بریتین لە دووسەد و پەنجا بنەماڵە، موسڵمانەکان زۆرینەی شارەکە پێك دەهێنن. ئەم موسڵمانانە بە داب و نەریت هەروەها بە زمان کوردن، واتە کەم هاوسۆزییان هەیە بۆ مەسیحییەکان. ئەوانە [واتە مەسیحییەکان، وەرگێڕ]، ئەوەی ماوەتەوە هیچیان نییە تا بتوانن بەسەر هاونیشتمانییەکانی خۆیاندا بیسەپێنن، چونکە، بێجگە لە ژمارەی بچووکیان، زۆرینەیان هەژارن و تەنها بە ڕەنجی کاریان دەژین. دوو قەشە بەڕێوەیان دەبەن، یەکێك لەوانە سێ یا چوار منداڵ فێری خوێندنەوەی کلدانیی دەکا، ئەمە هەموو ئەو قوتابخانەیەیە کە لەوێ هەیە. لەوەوە دەتوانن حوکم لەسەر نەزانیی ئەم دانیشتوانە بدەن کە بەڕاستی مایەی پەشێمانییە. ئەم مەسیحیانە سەر بە ئەسقەفیەی کلدانی سنە-ن لە ئێران. مەتران کە نشینگە هەمیشەییەکەی لە سنەیە، کە حەوت فرسەخ لە سلێمانییەوە دوورە، بۆ ئەو سەختە چاودێریی بەرژەوەندییەکانی ئەم کۆمینیتەیە بکات و وەك چۆن لە لایەن شای ئێرانەوە فەرمانی بۆ دێت نەوەکا سوڵتانی عوسمانی، ناتوانێ لە لایەن حکومەتی ناوخۆوە هیچ بە هانای مەسیحییەکانی سلێمانییەوە بێت، بە شێوەیەك کە ئەم خەڵکە هەژارە نە پشتگیری دەکرێن و نە کاتی ئاستەنگ یا لە کاتی ئازار و مەینەتدا کە بڕێك جار بەدەستییەوە دەناڵێنن، پارێزگاری دەکرێن.

www.zheen.org

سلێمانی تەنها سەد ساڵێك دەبێ دامەزراوە، بە هەمان شێوە هیچ شوێنەوارێکی تێدا نابینرێ، هەموو ماڵەکان وەك چۆن لە ئاواییە سادەکاندا لە خشت دروست کراون. ئەم شارە وەك کۆگەی بازرگانی وایە لە نێوان تورکیا و ئێران و یەکێك لە بەرهەمە پڕ قازانجەکانی بنێشتی

کەتیرەیە، کە کاروانەکان بە بڕێکی زۆر لە ئێرانەوە دەیهێنن، بەڵام لە ناو وڵاتیشدا بەناوی کەتیرە کۆی دەکەنەوە. ئاووهەوای شارەکە لە هاویناندا مام ناوەندییە. شارەکە کەوتۆتە شوێنێکی نایابەوە، ئاوێکی زۆری تێدایە، ئەمە وای کردووە هەر ماڵێك باخچەیەکی دار و درەختی بەبەر و حەوزێکی لە ناوەڕاستە کە ئاوەکەی هەموو شەوێك نوێ دەبێتەوە، هەبێ.

ئەم ئاوە زۆرە فرەیەی سلێمانی بە ڕێگەیەکی دەستکرد لە ڕێگەی سیستمێکی تایبەتەوە کە پێشتر بەکارهێنانیم لە وڵاتی ئەربیل و کۆیسنجاق بینیبوو. ئەم سیستمە بریتییە لە هەڵکەندنی چەند ژمارە بیرێك کە لە قووڵاییدا یەك دەگرنەوە. بەمشێوەیە بیرێك دەڕژێتە ناو ئەوی دیکە و دواجار لە هەموو ئەوە ئاوانەی کە کۆدەبنەوە، بڕە ئاوێکی بەقەد ڕووبارێکی ڕاستەقینەی لێ دەکەوێتەوە. ئەم جۆرە بیرانە لە ناو هەموو وڵاتدا پێیان دەوترێت کارێز*.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

*kariz **

٥

تێپەڕبوون بەنا و هۆزی شوان
- ڕێگەی کۆیسنجاق

ڕۆژی ١٩ی تـەمووز سـلێمانیم جێهێـشت، هـەموو دانیـشتوانە مەسیحییەکان لەگەڵ مندا هاتنە دەرەوەی شار. ڕێگەی کۆیسنجاقم گرتە بەر کە بەهیوا بووم بۆ سبەینێیەکەی بگەمە کۆیسنجاق، بەڵام متمانەم بە هۆزی شوان نییە کە دەبێ بە ناو وڵاتیاندا تێپەڕ ببم.

لەم گەشتەمدا لە سێ کاتژمێری سلێمانی، لەلایەن ئەو زاپیتانەوە کە حاکمی شار وەکوو ڕێنیشاندەر بەگەڵیان دابووم، بەجێیان هێشتم. کە ئەمە دواتر بووە هۆی ئەوەی ڕێگەکەم ون بکەم و دوای شانزە کاتژمێر ڕۆیشتن، گەیشتمە ئاوایی ئاغجەلەر لەناو چەقی هۆزی شوان. ناوچەکە نایاب و گەلێك دڵگیر بوو، بەڵام کەوتبوومە ناو ناوەندی کوردانی هەرە چاوچنۆك. ناو و ناوبانگیان وەك ئەوەی هەمەوەندەکانی هاوسێیانە،

بەڵام زۆر ترسنۆکتر و کەمتر شایستەترن لەوان. دەبێ بزانن ئەوانە بە چ ڕوانینێکی ویستراو چاویان بڕیبوە سەر جانتاکانم، بە چ چاوچنۆکییەك لە هەموو لایەکەوە دەستیان لێ دەدا. ئەگەر لە ترسی ئەوە نەبوایە کە سڵیان لە ناوی فەرەنگ دەکردەوە، بێگومان بە کراسەکەی بەریشمەوە ڕووتیان دەکردمەوە. لە ئاغجەلەر دەبوو زێی بچووك بپەڕم کە شەش کاتژمێر دوور بوو. لەم ڕێگە کورتەدا چوار جاران لە لایەن ڕێنیشاندەرەکانم بەجێهێڵدرام و بە زەحمەتێکی زۆر و بە هەڕەشەی تەواوی تووڕەیی فرانسا و سوڵتان توانیم ڕێنیشاندەرێکی دیکە بەردەست بخەم. بەیەکجار چوار لەو چەپەڵانە لەناکاو دەوەستن و چەکەکانیان بەرەو ڕووم وەردەگێڕن و داوا دەکەن دەم و پارەی هەقدەستەکەیان بدەمێ: ((لە زێیەکە نەك لە پێشتر، من پێم گوتن.، ئێمە وا ڕێك کەوتین)). تاویان دایە لغاوی ئەسپەکەم و قۆنداغی چەکەکانیان دەخەنە سەر قاچم و دەست دەکەن بەوەی بە خراپی مامەڵەم لەگەڵدا بکەن. ئەحمەد، یەکێك لە نۆکەرە موسڵمانەکان کە بەردەستی من بوو، بە تووڕەییەوە هەڕای کرد، منی لە بندەستی ئەوان دەرهێنا و بە جەسووریی خۆیەوە دواجار توانیی بیانترسێنێ و دووریان بخاتەوە. لە ئاواییەکدا تازە پێمان تێ نابوو کە لە دوورەوە بیست سوارەیەکمان بینی کە بۆ لای گوندەکە دەهاتن: ((ئەوە هەمەوەندەکانن! لە هەموو لایەکەوە هاواریان لێ هەڵسا، دێن بۆ لای ئێمە بۆ ئەوەی دەست بەسەر گەنجینەی ئەم فرانسییەدا بگرن. با ڕاویان بنێین ! با ڕاویان بنێین ! بۆ ئەوەی هیچ زیانمان پێنەگات!)). ژنەکان سینگی خۆیان دەکوتی، پرچیان دەڕنییەوە. ژاوەژاوێکی لەڕادەبەدەر بە دەوری منەوە بوو. لەناکاو پیاوێکی کەتەی بەهێزی ڕم بەدەست لەناو خەڵکەکەوە بەرەو ڕووی من هات. : ((لەسەر

www.zheen.org

ملی من ، ئەو وتی، هیچ مەترسە، وەرە لای من، بە هێمنی دابنیشە و کالیۆنی خۆت بکێشە وەك ئەوەی هیچ نەبووبێ، من ئەرکی پاراستنت لە ئەستۆ دەگرم)). بە دڵێکی پاکەوە خۆم خستە ژێر دەستی ئەم پارێزەرە خوداییە و وەك چۆنی پێم گوتبووم ئاوام کرد. سوارەکان دەهاتنە پێشەوە، ژاژاوەکە بەردەوام بوو، هەستم بە کامەرانی نەدەکرد. دواجار سوارەکان دەتوانرا جیا بکرێنەوە و بناسرێنەوە، ئەهۆ شادومانی! ئەوە ئاغای گوند بوو کە لەگەڵ دارودەستەکەی لە لەشکرکێشیەك دەگەڕایەوە. جارێکی دیکەش لەناو ترس ڕزگارم بوو. دواجار دوای ئەوەی تەواوی ڕۆژەکە لەگەڵ هۆزی شوانەکان شەڕم بوو، بۆ ئێوارە گەیشتمە کەناری زێی بچووك، ئاوایی گرد-خەبەر*. مودیری گوندەکە چەند ڕێنیشاندەرێکی بەگەڵ دام بۆ تەواوکردنی ڕێگەکەم و بە بێدواکەوتن لە ڕووبارەکە پەڕیمەوە. هەناسێێکم لەدڵەوە دا و گەیشتمە ئەو بەری ڕووبارەکە. وڵاتی هۆزی شوانم جێهێشتبوو، تۆقین و ترسەکان ڕەوینەوە. لە قووڵایی دڵمەوە شوکرانەبژێری خودا بووم کە لەناو ئەم هەموو مەترسییەدا ساغ و سەلامەت دەربازبووم. لەم ناوچەیە لە ژێر کاریگەریی دواهەمین زەردەی خۆرەتاودا سروشت زۆر زیاتر ڕووخۆش بوو.، گرد-خەبەر لەسەر تاوێرە بەردێك لەناو هێلانەیەکی سەوزایی هەڵنیشتبوو، ماسی تۆبی لە پانی ئاوەڕۆی ڕووبارەکە یاریان دەرکرد، بە سەدان کیسەڵ هاتبوون لە کەناری ئاوەکە هەناسە بدەن. بەڵام من کاتی ئەوەم نەبوو بچمە ناو تێوردبوونەوەیەکی بەسۆز، درەنگم بوو بۆ ئەوەی لەم کەنارە نامیواندۆستە دوور بکەمەوە. بە دنەدانی پیاوێك لە هۆزی

---

* لە تێکستە فرانسییەکەدا ناوی ئاواییەکە بەمشێوەیە نووسراوە: Guert-Khabar بەڵام من پێم وایە ئەمە ئاوایی (گرد- خەبەر)ە، وەرگێر.

www.zheen.org

شوان كه به ڕێكەوت لەسەر ڕێگەمان تووشی بووبووین، خەریك بوو جارێكی دیكەش لەلایەن ڕێنیشاندەرەكانمەوە خیانەتم لێ بكرێتەوە. چووم لەناو ڕەشماڵە گوندێك لە دوو كاتژمێری زابەوە خەوتم. بە شەو ڕۆیشتم. ئیحساسێكی نوێ چاوەڕوانی دەكردم. لەگەڵ یەكەم گزینگی ڕۆژدا، وەختایەك بەگوێرەی دەربڕینی موسڵمانەكان، هێڵی سپی لە هێڵی ڕەش جیا دەكرێتەوە، بینیم ڕێنیشاندەرەكانم لەناو خۆیاندا وتووێژ دەكەن و پاشان لەناكاو بە هەموو قاچێكیانەوە هەڵاتن. ئەحمەد بانگی لێ كردن. هیچ وەڵامێك نەبوو. بەدوایاندا ڕای كرد. ئەوان خێراتر ڕایان دەكرد. من قەناعەتم وابوو كە كەوتووینەتە ناو بۆسەیەكەوە: «خۆتان ئامادە بكەن بۆ بەرگریكردن لە خۆتان»، من بە دوو بەردەستەكانم گوت. بەردەوام بووین لە ڕۆیشتنەكەمان، بە وریاییەوە لەناو ئەم چیایە كێویانە دەڕۆیشتین، سەرنجمان لە هەموو دەوروبەرێك دەدا. تووله ڕێگەكە بەرەو دۆڵێكی بەرتەسكی دەبردین، كە لە نێوەراستەكەی جۆگەلەیەكی لێوە هەڵدەقوڵا، ئاوەكەی لەگەڵ یەكەم تاڵەتیشكی خۆرەتاو دەبریسكایەوە. چاومان دایە بەرزاییەكە و لە دوورەوە كوردە جێگیرەكانمان لێ دیاربوون كە هەر یەكەیان لەلای خۆیەوە لەسەر كەناری ئاوەكە بوون. ڕەوشەكە ترسناك بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەر چووینە پێشەوە: كوردەكان هەر لە شوێنی خۆیان مانەوە. دواجار ئێمە نزیك كەوتینەوە و زانیمان ئەوان خەریكی نوێژی بەیانی بوون! «سێنیۆر*، یەكێك لەوانە لە دوورەوە هاواری بۆ كردم، تووڕە مەبە كە ئێمە تۆمان بەجێهێشت. ئێمە دەترساین لەناكاو پێش ئەوەی بتوانین دەستنوێژەكانمان هەڵبگرین و نوێژەكانمان

---

* seigneur: مەولانا، بە عەرەبی (سید).

بکەین خۆرمان لێ هەڵبێ)). دیسان جارێکی دیکە ترسەکەم ڕەوییەوە. بەڵام ئەم ئاگادارکردنەوانە بەلای کەمەوە سوودی ئەوەیان هەبوو مسیۆنێر لەناو گوماندا نەهێڵنەوە و مانەوەی بڕوابوون بە خودا، بەوەی کە تاکە پارێزەری بوو بەرامبەر بە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە لەناو جەرگەی ئەم دەرو ناوچە کێویانەدا.

گەیشتینەوە لوتکەی چیایەکان، خۆر هەڵهاتبوو و تیشکەکانی پێدەشتێکی جوانی زیوین دەکرد کە لەپێش ئێمەدا دەڕۆیشت. لەو بەرەوە، کۆشکێکی مکوممان بەدی دەکرد و لە نزیك ئەوەوە گرووپێکی خەڵك، ئەوە کۆیسنجاق بوو. سڵاوم لە فریشتەی پارێزەر کرد بەوەی کە یاریدەی دام ڕووناکییەکی تەواو لەسەر ئەم میللەتە بڵاو بکەمەوە. چەند کاتژمێرێك دواتر دەچمە ناو ئەم شارەوە. ڕۆژی ٢٢ی تەمووز بوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٦

کۆیسنجاق: مەسیحیایەتی،
شارەکە و کوردەکانی. هەرمۆته

گەیشتنم شادی و خۆشی خستە ناو مەسیحییەکان، چونکە لەم ڕەوشی بەش مەینەتی و بێچاودێرییەی کە خۆیان تێدا دەبینییەوە، بە تایبەت لەم چەند ساڵانەی دواییەوە، حەزیان دەکرد قەناعەت بە خۆیان بهێنن کە من هاتووم چارەسەری ڕەوشی سەختیان بکەم. ئەفسووس! چ دەتوانم بکەم؟ من تەنها دڵدانەوەم پێبوو پێیان ببەخشم، تەنها قسەم پێبوو بۆ ئەوەی بەناوی خوداوە هیواخوازیی مەسیحییەکان لە موعاناتە سەختەکان وەبیریان بهێننمەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

کۆیسنجاق ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی دە هەزار کەسە، لەو ژمارەیە، جوولەکەکان سی بنەماڵە و مەسیحییەکانیش بەقەد ئەوان دەبن. هەموو ئەوەی دیکە موسڵمانن. بەڵام چ موسڵمانێك! کوردی شانازیکار، دەمارگیر، جاهیل و تا دوا ڕادە بەچاوی سووك قێزیان لە مەسحییەکان

دەبێتەوە. تەنها بە ناوی خەوشداری گاور، بێئیمان بانگیان دەکەن، لە چاوی ئەوان منیش تەنها سەرۆکێکی گاورەکان بووم. لەوێ لەکاتی ڕۆسێردا ناچار دەبووم خاچەکەم بشارمەوە تا نەبینرێ کاتی ڕۆیشتنم بەرجنێو نەکەوێ. خانەخوێیە ئایینییەکەم، کە لە هەموو لایەکەوە ڕێزی لێ دەگیرێ، کەچی مایەی گاڵتەجاڕیی ئەم کوردە بێشەرمانە بوو. لە ناوەندێکی ئاوەهادا، مەسیحییەکان بە عاستەم ئازادی ئەوەیان هەیە ئاینی خۆیان مومارەسە بکەن و ڕێگە نادەن مەسیحییەکان کڵێسەیەك دروست بکەن و ناچار کراون لەناو جۆرە ژوورێکی نیوە دەرگە و پەنجەرە شکاو لەژێر زەوی، کە بە عاستەم هەوا و ڕووناکی پێدا تێپەڕ دەبێت بژین. هاوینان لەبەر گەرما و هەموو جۆرە مێرووله‌یەك کە هووروژمی بۆ دەبەن، ئەستەمە لەناویدا بمێنێتەوە. جارێکیان قەشەیەك لە یەك تاقە ڕۆژدا پەنجا دووپشکی کوشتبوو. هەرچەندە کە هیچ شتێك لەناو ئەم کڵێسە هەژارەدا نییە کە ببێتە هۆی چاوتێبڕینی دزەکان، کەچی دوو ساڵ بەر لە ئێستە، بە تەواوی ڕووتیان کردەوە تا ئەو ڕادەیەی کە پەیکەرێکی جوانی سانت پاکیزەیان گلاو کردبوو و شەرمەزارانە پارچەیان لێ بڕیبۆوە. ویستم تابلۆیەکی جوانی مەسیح لەسەر خاچ لە کڵێسەکە بەجێبهێڵم. — ((نەخێر! نەخێر ! قەشەکان پێیان گوتم، هەڵیبگرە بۆ هی دیکە، ئەگەر موسڵمانەکان بێن و بزانن ئەم تابلۆیەمان هەیە دێن گلاوی دەکەن و پارچە پارچەی دەکەن)). سێ قەشە ئەم کۆمیونیتەیە بەڕێوە دەبەن. قوتابخانە کە پێشتر دروست کرابوو، چیتر بوونی نییە.، من دووبارە دروستکردنەوەیم لەناو یەکەمی ئەو کارە چاکانەدا یادداشت کرد، کە دەبێ لەم وڵاتەدا بکرێ.

www.zheen.org

کۆیسنجاق ئاووهەواکەی (تا) دارە، ئاووهەوای لە هاوینانیدا زۆر ساغ نییە. دەوروبەری شارەکە چەند باخچەیەکی تاڕادەیەك سەوزی لێیە، بەڵام بەهەشتی ولاتەکە گوندێکی چکۆلەیە، ئاوایی بچووکی هەرمۆتەیە لە سەعاتە ڕێیەکی کۆیەوە دوورە. لەوێ لە کەناری جۆگەلەیەکی چکۆلە، دار و دارستانێکی چڕوپڕی تێکچرژاو، هەموو چەشنە درەختێکی لێیە کە میوەی تەڕی نایابی هەیە، بە تایبەت هەنار کە ناوی هەرمۆتە لەوەوە بەسەر گوندەکەدا بڕاوە. ئەم گوندە هەمووی مەسیحییە و چوار ساڵ دەبێ بیست ماڵێك تێیدا بە خۆشییەوە لەسەر بەرهەمی باخچەکانیان دەژیان. بەڵام ئەم ناوچەیە هەڵبژاردراوە زۆر جوان بوو بۆ ئەوەی لە بن دەستی گاورەکان بمێنێتەوە. ئاغا کوردەکانی کۆیە، بە سوود وەرگرتن لە پشێویی حکوومەت، بیریان لەوە کردەوە دەست بەسەر ئەم پارچە زەوییە جوانەدا بگرن و بە زەبری تەنگ پێهەڵچنین و بە کۆمەگی دزەکان کە بە دزییەوە پشتیوانییان لێدەکردن، پێی گەیشتن. وێران و بێئاسایش، مەسیحییە هەژارەکان ناچار بوون زەوییەکە بەجێبهێڵن و لەکاتی گەشتەکەی مندا شەش بنەماڵە هەر لەوێ مابوونەوە، بەڵام ڕەوشی ژیانیان لە سۆنگەی دزان کە نزیکەی هەموو شەوێك دەچوونە سەریان، ژیانیان تاڵ بووبوو. ئەم دزانە زۆربەیان ئەفسەرە چاوچنۆکەکانی سوپای نیزامی بوون. ولات تا ئەو ڕادەیە بە دزان تەنرابوو کە ڕێگەیان نەدام سەفەرێکی کورت لە کۆیەوە بۆ هەرمۆتە بکەم، بە بێ ئەوەی چەند پیاوێکی چەکدارم لەگەڵ نەبێ. کڵێسەی هەرمۆتە کە بەمزوانە لەلایەن جەنابی عالی یۆحەننا دروست کرابوو، هەرە نایابترینی ئەسقەفیەکەی بوو، بەڵام لە ولاتێکی ئاوەهادا نەدەکرا چارەنووسی هەموو ئەوانی تری لێوە دوور بگرێ، ئەویش

تالآن کرا و دزەکان هەتا کتێبی عیبادەتیشیان دزیبوو، کە بەشێوەیەکی ئاسایی هیچ ناکات.

لە نزیکی کۆیە، کەمێك لەو دیوو ئەو ڕێگەیەی کە بۆ هەرمۆتە دەچێ، شوێنێکی پیرۆزی بۆ مەسیحییەکان لێیە، کۆنە دێیەکە بەناوی مار- بەهنام*ەوە. ئەمڕۆ هێشتا دیواری حەوشەکە، چەند ژوورێکی چکۆلە و کلێسەکەی هەر ماوە. نووسینێکی کۆن، بە زمانی کلدانی، باسی ئەوە دەکات ئەم کلێسەیە چەندین جار سایەی ستەمی ئێرانییەکاندا تێك دراوە و دووبارە ساڵی مەسیحیی ١٢٨٣ دروست کراوەتەوە.

لە کۆیسنجاق (تا)م گرت، مەسیحییەکان ویستیان دەرفەت لەوە وەربگرن بمهێڵنەوە، بەلآم مەسیحییەکانی شەقلاوە بە پێ هاتبوون پێم بڵێن: ((باوکە، بە زووترین کات وەرە لای ئێمە، تۆ هەر کە تامی ئاوی سازگار و شیرینی ئێمە بکەی، چاك دەبیتەوە)). شێوەی ڕووسوور و شان بەرینی ئەم خەڵکە میهرەبانە هێندە بەهێزبوو، بە بەراورد لەگەڵ ڕەنگ و ڕووی زەرد و سروشتیی لەڕی کۆییەکان بە ئاسانی قەناعەتیان پێهێنام کە شارەکەیان بەڕاستی ولآتی لەشساغییە. جگە لەوە، لەبەر ئەوەش کە ئەرکی خۆم لە کۆیسنجاق تەواو کردبوو، ڕۆژی ٣٠ی تەمووز سبەینەیەکەی لەگەڵیان بەڕێکەوتم.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* Mar-Behnam

٧

ڕێگەی شەقڵاوە: ئاوایی شەقڵاوە.

-چەوساندنەوەی مەسیحییەکان لە لایەن کوردەکانەوە

ڕێگەکەمان بەناو دوو زنجیرە چیادا تێدەپەڕی. ٣ کاتژمێر لە کۆیەوە، لە ڕووباری کرۆژ* پەڕینەوە، کە ئاوەکەی گۆگردییە، سەرچاوەکەی هێندە لەو ناوچەیە دوور نا، لە چەند ئەشکەوتێکی قووڵ هەڵدەقووڵێ. کاتژمێرێك لەولاتر لەژێر سێبەری تاڤگەی سناوا** پشوومان دا، دوورتر، بەدرێژیی ڕێگەکەمان ئاواییە کوردەوارییەکانی نازەنین، هیران و گەرۆتە لەسەر ڕێگەمان بوون کە دەروبەرەکەی هەر تەنها

بنکەی ژین
www.zheen.org

* نووسەر لە تێکستە فرانسییەکەدا نووسیوویە ڕووباری کۆڵۆش Koloch، بەڵام من پێم وایە ڕاستییەکەی ڕووباری کرۆژ-ە، مەگەر لەوساڵانەدا ناوەکەی کۆڵۆش بووبێ و دواتر گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، وەرگێڕ.

** Sennawa

باخچە و دارستانی نایاب بوون. ئێوارە گەیشتینە ئاوایی سپیگرە، کە پڕبوو لە دارمێو و لە نزیکی ئەوە تاڤگەی گۆڕەمیر، یەکێك لە تاڤگە نایابەکانی ئەم وڵاتە حەساینەوە. ئاوەکەی وەکوو هەوا ڕوون بوو، دوو مەتر لە قووڵایی ئاوەکە شتەکانمان ئەوها بە ڕوونی دەبینی، وەك ئەوەی لەژێر دەستماندا بێ. دواجار دوای چەند ماوەیەیەك لەوێ، لە دیمەنێکی دڵڕەفێندا گەیشتینە شەقڵاوە و نیو سەعات دواتر، هەموو دانیشتوانە مەسیحییەکانمان بینی کە بۆ دیدەنیی من هاتبوون.

ئەو ئاپۆرەیەی کە لەپێش منەوە دەڕویشتن، بە توولە ڕێگەیەکی بچووکی پێچاوپێچدا بە ژێر درەختەکاندا منیان برد. بۆنی هەزار گوڵ و میوەی بۆنخۆش، باڵندەی بێئەژمار جریوەجریویان بوو، جۆگەلەی زوڵاڵی وەکوو کریستاڵ لە هەموو لایەکەوە لەژێر ئەم سێبەرە جوانانە هەڵدەقوڵان، بەڕاستی دیمەنێکی ئەفسووناوی بوو. بەمشێوەیە گەیشتینە ناوکەپڕێکی دارین کە لەژێر سێبەری سێ دارتووی گەورە دروست کرابوو. ((ئالێرە دابنیشە، سەرۆکی قەشەکان بە منی وت، ئەوە شوێنی تۆیە، تۆ لەگەڵ مندا دەبیت)). حەسیرێك بۆ من لە کەناری جۆگەلەیەکی چکۆلە کە بە بەردەم کەپرە دارینەکەدا دەڕۆیشت، ڕاخرابوو، چوارمەشقی دانیشتبووم و هەموو مەسیحییەکان دەهاتن دەستم ماچ بکەن. ((هاوڕێیەکانم، من پێم گوتن، دەزانن وڵاتەکەتان هەر بەهەشتێکی سەر زەوییە بۆ خۆی، ئێوە دەبێ چاکتر خزمەتی خوا بکەن، چونکە پارچەیەکی ئاوا جوانی داونەتێ لەم جیهانە)). ((باوکە، پیرە پیاوێك وەڵامی دامەوە، کەمێك چاوەڕوان بە تۆ دەبینی ئەو بەهەشتەی ئێمە کە لەوەی باوکە ئادەم دەچێ، شەیتان دێتە ناویەوە و هەموو ئەو شتە باشانەی خودا بە ئێمەی بەخشیون، تاڵی دەکات)). - پیرە پیاوەکە

www.zheen.org

ڕاستی پێ گوتم، چونکە دەسەڵاتی کوردی وەك هەموو لایەکانی دیکە بەتوندی خۆی سەپاندۆتە سەر ئەم وڵاتە. ئاواییەکە لە نزیکەی دوو سەد بنەماڵە پێك هاتبوو.، لەم ژمارەیە مەسیحییەکان بریتی بوون لە هەشتا بنەماڵە، ئەوەی دیکە هەمووی موسڵمان بوو. میرێکی بەدەسەڵات تێیدا نیشتەجێ بوو و لەوێوە لە ڕێگەی ئاغا و سەیدەکانییەوە حوکمڕانیی هەرێمەکەی دەکرد. میر پێویست بوو دەسەڵاتی حکوومەت بناسێ، بەڵام ئەو هێندە گوێی پێ نەدەدا. لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا مەسیحییەکان مەملووك، واتە موڵکی موسڵمانەکان بوون. لە ناوچەی دیکەی کوردستاندا، ئەم سیستمە هێشتا و هەتا لە ئاستێکی لە شەقڵاوە بەرفراوانتریش زاڵ بوو، بەڵام ئەمەیان ڕەوشی مەسیحییەکانی ئەم ئاواییەیە. هەریەك لەوانە [لەو مەسیحیانە، وەرگێڕ] ژێردەستەی ئاغایەك یان دەرەبەگێکن، کە دەبێ ساڵانە بڕێك سەرانەی بداتێ کە بە عورف و عادات دیاری کراوە. بەشێوەیەکی گشتی، ئەم سەرانەیە داوای دەیەکی هەموو بەرهەمێك دەکات. وەختایەك مەسیحییەکی بێ میراتگرەوە دەمرێ، ئەوا موڵکەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئاغاکەی. هەرجارێك کە باوکێك یەکێك لە منداڵەکانی ژن بێنن، ئاغا هەقی بڕێك پارەی هەیە. بەڵام جگە لەوەی کە بە گوێرەی عورف و عادات دەدرێ، هێشتا ئەوە هەیە کە دەربەگەکە بۆ هەوەسی خۆی داوای دەکا و ئەمەیان لە هەموویان قورسترە. بەم شێوەیە بێگار دەسەپێنێ، دەبێ جۆڵایی جلوبەرگی بۆ بکات، تۆ و دانەوێلەی یا پارەی لێ وەردەگرێ و بێگومان هیچی ناگەڕێنێتەوە. کوردێك قەرز بداتەوە مەسیحییەك، ئەوە شەرمەزارییە! بێجگە لەوە مەسیحییەکان هەقی ئەوەیان نییە دەست لە بەرامبەر کوردێ کە لێیان بدات، بەرز بکەنەوە، هەتا ئەگەر بەرامبەر بە خۆی ژنەکەی و منداڵەکانیشی سەر

بـبڕن. زیـاد لـەوە مـاف ئەوەشیـان نییـە بـەو چەشنـەی خۆیـان دەیانـەویٚ جلوبەرگ لەبەر بکەن. ڕەنگ، چۆنایەتی قوماشەکان، هەتا شێوەکەشی، بەسەریاندا فەرز دەکریٚ و ئەوە جێگەی گومان نییە کە ئەگەر جەمەدانی یـا چـاکەت و شـەرواڵێکی گرانبـەها لەبـەر بکـەن، کـوردێکی چا وچـنۆك لەبەری دادەماڵیٚ. لە دیوەخان دەبیٚ هەمیشە خۆیـان لـەدواپین ڕیـزدا بنێن و بەختـەوەرن کاتێـك داوایـان لـیٚدەکـەن دابنیـشن. «گـاور و سـەگی مەسیحییەکان، تیشکی خۆرەتاو گلاو دەکەن»، ئەم کوردە دەمارگیرانە وا دەڵێن و لەم جیهانە ماف هیچ موڵکێکیان نییە. ئاغا دەتوانیٚ بازرگانی بە مەسیحییە مەملوکەکانییەوە بکات. بە تـەواوی یـا بەشـێکی دەفرۆشـێتە ئاغایـەکی دیکـە.، بەدبـەخت ئـەو مەسـیحییەیە کـە دەکەوێتـە بـن دەسـتی دوو ئاغـا لـە یـەك کاتـدا! هـەر یەکـەیان لـە لای خۆیـەوە ئـەوەی بتوانـیٚ دەیقاچـێنێتەوە و بەدبەختـە لەبەرامبـەر ئـەوەدا زیـاتر تـەنها شـیمانەی کولەمەرگییەکی بیٚ کۆتایی لەبەردەمدایە.

مـــیری شـــەقلاوە، وێـــڕای ڕوونیـــشاندانی پا وچـــاکی و دووپاتکردنـەوەکانی بـەقازانجی مەسـیحییەکان و ئیـستبدادی هـەرە سەختی، میر نە بێگاریان پیٚدەکا و نە هیچ جۆرە کۆیلەگەرییێك.ماڵەکانی بەوان دروست کردووە، باخچەکانی، کێڵگەکانی، ڕەزەکانی بە دەستی ئـەوان دروسـت کـراوە، تاڤگـەی ئـاوی کـونکـردوون، کـەناڵی ئـاوی پێهەڵکەنـدوون یـا دروسـت کـردوون. بـە سـایەی کـاری بـە خـۆرایی و بەزۆری مەسیحییەکانەوە، بووەتە گەورەترین و دەوڵەمەندترین موڵکداری وڵات. ئـەویش سـەرانەی دانـراوی لـیٚداوا دەکـردن، سـەیدەکان کـە سەرانەکان دەسەنن، بێگومان کە بەشی ئاغاکەیان دەبرد، بەشی خۆشیان دەبرد. ئـەم سـەیدانە هەمیـشە چـەك و خەنجـەریان پێیـە، بـەبیٚ وەسـتان

www.zheen.org

دەچنە ناو باخچەکان و بە ڕەزا یان بە هێز، هەرچییێك بۆیان بشێ دەیبەن. بڕێك جار، لە هاوینان، ڕەوە ئێستر و گامێشی میر کە هیچ لەوەڕیان چنگ ناکەوێ، ئەوا بەریان دەدەنە ناو باخچەی مەسیحییەکان کە تێیدا لۆکە و ڕۆنیاس* و بەرووبوومی دیکە هەڵدەوەشێننەوە کە بۆ خاوەنەکانیان هەموو هیوایەکی دواڕۆژیانە.

لە ڕەوشێکی ئاوهادا، کولەمەرگی تاقە بەشی زۆرینەی مەسیحییەکانە، ئەگەر یەکێك لەناو ئەوانەدا لەبەر زۆریی کارکردن و لەدەمی خۆگرتنەوە بڕێك دەست پێوە بگرێ، وەختایەك کوردەکان پێی دەزانن دەمودەست ماڵەکەی تاڵان دەکەن. خۆشی بە خۆی ئەگەر خۆیشی بە ساغی دەربچێ، چونکە، لە وڵاتی شەقڵاوە دا، خوێنی گاور نرخی هەرزانە و ئەوە شتێکی دەگمەن نییە کە بڵاو بێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* ڕۆنیاس: garance بە عەرەبی (الفوة، العروق الحمر)ی پێدەڵێن، وەرگێڕ.

٨

کوشتنی سارا- مەسیحییەکانی شەقڵاوە=
- باخچەکانی ئاوایی

خودا ویستی کاتی چوونم بۆ شەقڵاوە گەواهی ئەم بەربەریەتە بم.

لەو ئاواییە کچێك هەبوو بە ناوی "سارا"وە، تەمەنی دەوروبەری ٢٢ ساڵ دەبوو، هەتیوێکی بێ باوك و دایك بوو. لە لای داپیرەی دەژیا و ئاگای لە پیرەژنەکە دەبوو و سۆنگەی بەهێزکردنی ئایینی و لە هەمان کاتدا هەموو کۆمیونیتەی مەسیحییان بە ناسکییەکەی، باوەڕدارییەکەی و کۆششی بۆ نوێژ و هامشۆکردنی شوێنە پیرۆزەکان، سۆنگەی ئیمانداری بوون. موسڵمانەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەوا هەقیان بەسەر کچەکەوە هەیە، چونکە لە باوکێکی موسڵمان لە دایك بووە. ڕاستییەکەی باوکەکەی لە سەردەمانی تۆقینی پاشای ڕەواندوزدا، کە بە ناوی میری کۆرە ناسراوە، موسڵمان بووبوو، بەڵام دواتر پەشێمان بۆوە و لەگەڵ تەواوی بنەماڵەکەیداوە هاتەوە سەر ئایینی مەسیحی، کە هەر

بەو ئایینە مرد. چەندین جار سارا بە وادە و هەڕەشە داوای لێکرا تا لە ئایینی مەسیح هەڵگەڕێتەوە، بەڵام سارا بە توندی بەرگریی دەکرد. جارێکیان دەیبەنە بەر دەم میر بۆ ئەوەی لە بارەی ئایینەکەیەوە وەڵام بداتەوە، سارا ئازایانە ڕایدەگەیەنێ کە ئەو مەسیحییە و هەر بە مەسیحیش دەمینێتەوە.– ((ئەوە هەڵگەڕاوەیە، ئەوکاتە موفتی ئاوایی گوتی و بەگوێرەی یاسای ئیسلام هەقی کوشتنە)). – ((بمکوژن ئەگەر دەتانەوێ بمکوژن، سارا وەڵامی دایەوە، وام لە بندەستی ئێوە، بەڵام چاك بزانن ترسی کوشتن وام لێ ناکات واز لە ئایینی خۆم بهێنم)). – ڕەوانەیان کردەوە، بەڵام دواتر لەدوای ئەم دانیشتنە گشتیە، لە مزگەوت کۆڕێك بۆ هەموو خاوەن مەقامە ئایینییەکانی ناوچەکە گیرا و بڕیاریان دا سارا، وەك هەڵگەڕاوەیەك، بکوژرێ. بەجێهێنانەکەی بۆ یەکەمین دەرفەت دانرا کە بێتەوە پێشەوە. ئەوە خەلیفەیەکی ناوچەکە بوو کە دواتر پەردەی لەسەر ئەم دانیشتنە نهێنییەی مزگەوت هەڵدایەوە. ڕۆژی ٩ی ئاب ڕۆژی تاوانەکە بوو. دوو فەقێ یا قوتابی ئەوە ئەرکەیان پێسپێردرابوو. ئەو فەقێیانە هەر کە دەزانن سارا چوە بۆ ڕەزەکەی خۆی، بەرەو ئەو لا بەڕێ دەکەون. کاتێك سارا لە گەڕانەوەیدا بە خۆی و زەمبیلێك ترێوە لەسەر شانی دەگەڕێتەوە، تووشی دەبن. – ((لەم ترێیەی خۆتمان بدەرێ، ئەوان پێی دەڵێن)). – ((بەخۆشحاڵییەوە)) – سارا وەڵام دەداتەوە. لەگەڵ ئەم ڕووخۆشییدا کە عادەتی وابوو، دەمودەست زەمبیلەکە دەخاتە سەر زەوی و لەناو ترێیەکانیدا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ باشترین هێشووە ترێیان پێشکەش بکات. لەکاتێکدا سارا ئاوا سەرقاڵ دەبێ، دوو فەقێیەکە داوایەکەیان دووبارە دەکەنەوە کە چەندین جار لێی داوا کرابوو: – ((ببە موسڵمان))– ((نەخێر، سارا وەڵام

دەداتەوە، ئێوە مەرام و نیازی من دەزانن)).- یەکێك لە دوو فەقێیەکە خەنجەرەکەی دەردەهێنیّ، لەکاتێکدا سارا خۆی شۆڕ دەکاتەوە، بەم وەلامدانەوەیە، سیّ جار خەنجەرەکەی دەچەقێنێتە پشتی کە دیواودەری دەکات. قوربانییە بەستەزمانە کە هەلدەستێتەوە و چەند هەنگاوێك دەڕوات، پاشان دەچەمێتەوەو بەر دەبێتەوە سەر خۆی و شەلالی ناو خوێن دەبیّ و هەر لەو لە شوێنە ڕۆح دەدات. دوو کەسە تاوانبارەکە دەناسرێنەوە، بینیویانە بەرەو لای ڕەزەکە ڕۆیشتوون و کاتی گەڕانەوەیان جلیان بەخوێن بووە. یەکێك لەوانە هەتا هاوڕێکەی خۆی، ئەوەی کە سارای بەر خەنجەر دابوو، کوڕی یەکێك لە مەقامە ئایینییە یەکەمینەکانی ناوچەکە بوو. منداڵێکی ١٢ ساڵە، کە خزمی سارا و لەگەلّ سارا دا بووە و لە ڕێگەی ئەوەوە ڕەوشی کوشتنی "سارا"مان زانیوە.

وەختایەك هەواڵی تاوانەکە بەناو ئاواییدا بلاو دەبێتەوە، من چەند کەسێکم بەدەورەوە بوو. کاتی بیستنی هەواڵەکە تاسام، بەلام بۆم دەرکەوت وا پیّدەچیّ بۆ بەهاناوەچوونی سارا هێندە زۆر دلگران نەبن، من بەدەنگەوە ئەو تێبینیەم دەربڕی- ((باوکە، وەلامیان دامەوە، ئێمە بۆ ئەو ڕووداوانە دروست کراوین و لێرە ژیانمان هێندە تالە، لەجیاتی ئەوەی شکایەت بکەین بۆ ئەوەی کە تێدا دەچیّ، ئێمە پێمان وایە ئەوە بەختەوەرە، بەتایبەت کاتێك وەك سارا، بۆ ئامانجی ئایینی پیرۆزمان ژیان لەدەست دەدات)). - ((بەلام، من گوتم، ئێوە لیّدەگەڕێن ئەم تاوانە ئاوها بە سووك و ئاسانی بڕوات و بیّ ئەوەی لە لای دەسەلاتکاران شکایەت بکەن؟ ئەگەر ئێوە بتانەویّ، من دەتوانم یاریدەتان بدەم بۆ پێشکەشکردنی عەریزەتان)). - ((نەخێر!، نەخێر! وەلامیان دایەوە، کە خوێنی سارا ببێبەتە تاقە تۆلەسەندنەوەمان ! بۆ ئێمە وا باشترە، چونکە خودا

www.zheen.org

دادپەروەرە! لێرە، ئێمە تەجرەبەمان هەیە، بۆ تاقە کەسێك کە بمانەوێ تۆڵەی بسەنینەوە، خەنجەردارانی کورد چواری دیکەمان لێ دەکوژن».
یەکێکیان باسی باوکی کرد، یەکێکی دیکە برایەکەی، یا کەسانی دیکە بینویانە خەنجەردارانی کورد لەم چەند ساڵانەی دواییدا لێیان داون.
سارا خۆی تاقە کەسی بنەماڵەکەی نەبوو کە لەژێر لێدانی ئەواندا تلابێتەوە. خوێنی ئەم گەنجە قوربانییە تا لای خودای تۆڵەسێنی بێگوناهان و چەوساوەکان ڕۆیشتووە: بەو هیوایەی کار لە هەنگاوهەڵگرتنەکانی خوداوەندی بەخشندە و میهرەبان بکات بەرامبەر بە گەلانی ئەوەندە بەدبەخت، کە لەوەی مەسیح دەچێ وا فەزیلەتەکانی پێ ڕادەگەیەنێ. لە هەمان کاتدا، بە قازانجی ئەو دەبێ بۆ درەخشانەوەی چاکترین ڕۆژ بۆ چەوساوەکان و بەرەو پێشەوەبردنی ساتەوەختی گۆڕینی مەزهەب بۆ چەوساوەکان. هەموو ئەم ناجۆرییە هەرچییەك بێ، ئەم ڕەوشی چەوساندنەوەیە هەر بەردەوامە، کە بەلای کەمییەوە چاکەی ئەوەی هەیە مەسیحییەکانی شەقڵاوە زیاتر پابەند دەکات بە خودا، زیاتر سەرڕاستتر و زیاتر بەحەماس تریان دەکات لە پراتیکی ئایین. حەزدەکەم لێرەدا گەواهی ئەوە بدەم کە ئەوانە باشترین کاتۆلیك بوون من لەناو کلدانییەکاندا ناسیومن. چوار قەشە کۆمیونیتەکەیان بەڕێوە دەبات.
قوتابخانەی کوڕانیان چاك لەسەر پێی خۆیەتی. من زیاتر لە جێگەیەکانی دیکە لە وەڵامی منداڵەکان ڕازی و دڵشاد بووم کە بینیم ئەو مسیۆنەی وا پشتگیری لەم کارە دەکات، لێرە ئەنجامی چاکی دەست کەوتووە. هەرچی سەبارەت بە کچەکانە، هیچ قوتابخانەیەکیان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو زستانێك پیرەمێردێکی چاك خۆی تەرخان دەکات بۆ فێرکردنیان.
پیرەمێردەکە هەرە بچووکەکانیان لەماڵەکەی خۆیدا کۆدەکاتەوە، فێری

www.zheen.org

ڕێنوێنییەکانی ئایینی مەسیحی و نوێژیان دەکات. شەقلاوە کڵێسەیەکی تاڕادەیەك چاکی هەیە. چوار ساڵ بەر لە ئێستە پێویستی بە گەورەکردن بوو. کوردەکان دژی ئەو گەورەکردنە بوون و بە شەو ئەوەی لە ڕۆژدا دروستیان دەکرد، ئەوان تێکیان دەدا. ژیانی ئەو مەترانەی کە سەروکاریی دروستکردنی کڵێسەکەی دەکرد، زۆربەی جار لە هەڕەشەدا بوو. دواجار پاشای کەرکووك لە ڕەوشەکە ئاگادار کرایەوە و کۆتایی بەوە هات کە کوردەکان بێدەنگ بکەن. من دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوت لەوەی چەند کەسێك بهێنمە ناو کۆمەڵەی برایەتیی ئایینی ڕۆسێر و بەتایبەت بەو کاریگەرییەی سەرگوزشتەی بەخشین و شانازی ڕۆسێر سەرسام بووم کە بەسەر ئەو هەموو خەڵکە میهرەبانەوە هەیبوو ((لەوەبەدوا ئیدی دڵدانەوەی ئێمەیە لەناو سزای ئێمەدا، ئەوان پێیان وتم ئەوە چەکی ئێمە دەبێ دژ بە دوژمنەکانمان)).

بەڵام من تائێستا بۆم باس نەکردن چۆن توانیومە لەم وڵاتە لەناو بێشەڵاندا، لەژێر دار کەپراندا ژیاوم. چەند باخ و بێستانی بەرفراوان لە دەوروبەری شەقلاوە دەبینرێن.، خەڵکەکەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر ئەو میوەجاتە نایابە دەژین کە دەیچێننەوە، دەچن لە ئەربیل، لە کەرکووك، تەنانەت تاکوو (مووسڵ)یش دەیفرۆشن. هەرکە میوەجاتەکان دەست بە پێگەیشتن دەکات، خەڵکەکە ئاوایی بەجێدەهێڵن بۆ ئەوەی هەریەکەیان بچێتە ناو بێستانی خۆی تا چاودێریی بکەن لە دژی دزان و بەمشێوەیە تا پاییز دەمێننەوە. هەر بنەماڵەیەك لەم ماوەیەدا لەژێر کەپرێکی داریندا دەژی. قەشەکان زیاد لەوە کەپری تا ڕادەیەك فراوانیان هەیە کە تایبەتە بۆ یادکردنەوەی بۆنە پیرۆزەکان و تێیدا بنەماڵە زۆر نزیکەکان دێن بۆ ئەوەی بەشداری لە نوێژ و سرووتی پیرۆزی ئایینی بکەن. بۆ من

www.zheen.org

شاپێلێکی* تایبەتیان دروست کردبوو، کە چەند باوەڕدارێك هەموو سبێینیەك لەوێ کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی بۆنە ئایینییەکانی تێدا بکەن. من هێشتا لەوێ گوێگرانی دیکەی هەمەچەشنەم هەبوو کە تەیروتواڵ لەسەر هەموو درەختەکانی دەوروبەر و بە ئاوازیی هەرە بەجۆش و لەگەڵ جریوەجریوی بەئاواز سروودی سپێدەیان بۆ ئافەریدەکار دەچڕی.

دوای ١٥ ڕۆژ مانەوە لە شەقلاوە، دەبوو بیر لەوە بکەمەوە لەم خەڵکە میهرەبانە جیا ببمەوە. ڕوانینی بەدبەختییان و خۆڕاگرییان پێوەندییێکی هاوسۆزیی لەنێوان من و ئەواندا دروست کردبوو.، گڵکۆی سارای بێگوناه زیاتر نەرمونیانتری کردبوون، حەزم دەکرد هێشتا زیاتر بمێنمەوە، بۆ ئەوەی دۆستایەتییان گەرموگوڕتر بێت. بەڵام مسیۆنێر هەمیشە بەرفەرمانی سینیۆر و پەیامبەرەکانیەتی: دەڕوا، بەحاستەم چاندی، دەبێ بڕوا بێ ئەوەی دەنکەکەی ببینێ. دڵگیریی ئەو زەوییەی کە تێیدا کاردەکات نابێ گلی بدەنەوە، ئەو بۆ هەموو وڵاتان: هەموو خەڵك و خوا کراوە. ئەو پێوەندیانەی کە دەبێ بیانشکێنێ، ئەو دڵدانەوانەی کە بەجێیان دەهێڵێ، هەموو ئەو قوربانیدانانە، دەبنە سەرچاوەیەکی بەپیت بۆ ئەو زەوییەی کە چاندوویەتی و دروێنە تێیدا زۆر بەرفراوانتر دیار دەبێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* شاپێل: Chapell (نوێژخانە، شوێنی نوێژکردن لەناو کڵێسەدا)، وەرگێڕ.

٩

گەڕانەوە-ڕێگەی شەقلاوە بۆ عەنکاوە- هۆزی هەرکی - گەڕانەوە بۆ مووسڵ

ســـپێدەی ڕۆژی ١٣ی ئـــاب ماڵئـــاواییم لـــە مەســـیحیایەتیی خۆشەویـستی شـەقلاوە کـرد. بـە هـاوەڵی چـوار کـورد کـە بانگەشـەی ئـەوەیان دەکـر یـەکێك لـە ئەسـپەکانم هـی ئـەوانـە، بەڕێکـەوتم. هـەتا لـە شەقلاوە بە هێز دەستیان بەسەر ئەسپەکەدا گرتبوو: بـەڵام میر لـە ترسی ناوی کونسوڵی فرانسا لـە مووسـڵ بـۆی گەڕاندمـەوە و ڕازی بـوو لەسـەر ئـەوەی کـە پرۆسـەکە لـە مووسڵ یـەکلایی بکرێتـەوە: کەوایـە ئـەو خەڵکـە دەیانـەوێ و هـاتوون سـکالای خۆیـان بکـەن. مـن چاك چاوەڕوانی ئـەوەم دەکرد بەهاوەڵیی ئەوانە گەشتەکەم بە هێمنی نەبرم. ڕاستییەکەی، کاتێك لەناو چیایەکان ون بووین، بە هێز دەستیان بەسەر وڵاغەکەمدا گرت و بە چـەکەکانیان هەڕەشـەیان لـێ دەکـردین، بـەڵام بـۆ یەکـەمجار توانیمـان چەکەکانیان لەدەست دەربهێنین. کاتێك گەیشتینە ناو ئاوایییەکی کوردی،

لەوێ توانییان بە قازانجی خۆیان خەڵکەکە بهێننە ناوەوە و جارێکی دیکە ولاغەکەیان لێ سەندینەوە بردیانەوە بۆ ئەربیل. لە ئەربیل توانیم جارێکی دیکە بە فەرمانی حاکمی شار ئەسپەکەم وەر بگرمەوە و خۆم لەدەست ئەو هاوڕێگە ئێسك قورسانە ڕزگار کرد.

لە شەقلاوە سەفەرەکەم وا ڕێك خستبوو لە گەڕانەوەدا بە عەنکاوەدا بگەڕێمەوە. ڕێگەکە بەشی زۆری بەناو چیا بەرزەکاندا تێپەڕ دەبوو. ئەو ڕێگەیەی کە بەناو ئاواییەکانی کاوانیان، گردەشێر* و کۆڕێیدا بردین، کە ئەوێ هێشتا باخچەی جوانی تێدابوو. چیای بەرزی پیرە مام مان بڕی، کە لە خوارەوەی بانەمانی لێیە، لەگەڵ قەڵا مکوومە کۆنەکەی. دوای ئەوەی لە ڕووباری بەستۆرە پەڕینەوە، چیایێکی زۆر بەرزی دیکەمان بڕی کە لەوێوەوە دەیڕوانییە سەر تەواوی پێدەشتی ئەربیل، لەگەڵ کۆنە شارێ کە کەوتۆتە ناوەڕاستەکەی، وەکوو قووچەکێکی وەستاو و پێدەشتەکەش وەکوو بنکە بێت وابوو، لەو بەرزاییەوە تەماشاکردنی شتێکی نایاب بوو. لە لاپاڵی داوێنی ئەم چیایەدا، ئاوایی سەرکەشی بۆلاخ** مان بینی، کە تەنها چوار کاتژمێر لە ئەربیلەوە دوور بوو.

کاتی تێپەربوونمان بەو ڕێگەیەدا کەوشەنی هۆزگەلی هەرکیمان دیاری کرد، کە بە خۆیان دەڵێن ئامۆزای فرەنسییەکانن. من نەمتوانی

بنکەی ژین
www.zbeen.org

* Gardatchuar

** Bolakh بەداخەوە نەمانزانی مەبەست لە ناوی ئەم ئاواییە بەمشێوەیە (بولاخ) یان (بۆلاغ) چییە، لە ئێستەدا- بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە- گوندێك نە بەو ناوە و نە نزیك بەو ناوە بە بیری ئێمەدا نەهات، دوور نییە ئەم ئاواییە لەو دەورانەدا هەبووبێت و دوایی بەتەواوی وێران بووبێت، وەرگێڕ.

بچمه ناو باسی ئەوەی قسه لەسەر ئەم *خزم وکەسه دوورانه*** بکەم. هەرکیەکان بۆ سەلماندنی بنەچەکناسییان کە زۆر شانازیی پێوە دەکەن، دەڵێن باووباپیرانیان لە دەورانی کۆندا چوونەتە فەرەنگستان، ولاتی فرانسییەکان و لەوێوەوە جێگیر بوون و بوونەتە تۆرەمەی نەتەوەکانی ئێستە. من بیستوومە کوردی دیکەش هەمان شانازیی بەخۆیەوە بڕیوە، ئەگەرچی دەشزانن دووپاتکردنەوەکانیان هیچ بنەوانێکی نییە، چونکە سێلت و پێلاگەکان کە پەلاماری ئەوروپایان داوە لەولایەوە هاتوون. ئەمڕۆ هێشتا ژمارەیەکی زۆر وشەی فرەنسی لەناو زمانی کوردیدا هەیە و لەسەر دوندی چیایەکانی کوردستان زۆربەی جار ئەم دروستکراوە فرەیە و دروستکراوە بەردینەی بێتاشین دەدۆزینەوە کە بەرەنگاریی زەمەن و مرۆڤەکانیان کردووە و بێگومان زۆر لەوانە دەچن کە لە سیسیل و لە ئیتاڵیا دەبینرێن. هەرچۆنێك بێ، هەرکییەکان هێشتا خاڵی لەیەکچوویان لەگەڵ فرانسەوییەکان هەیە.، هەرکییەکان وریا، ڕاشکاو و زۆر تێکەلاون، بەلام ئەم سیفاتە چاکانەیان بە غەریزەی تالان و برۆیی بەهەدەر داوە. ئەوە ڕاستە کە ئەوان دزی گەورەی سەرە ڕێگە نین، بەلام ئەگەر میوانداری یا پێشوازی دەکەن، بەدەگمەن وا هەیە لەم دەرفەتانەدا دەست بەناو چەند شتێکدا نەگێرن کە هی ئەوان نییە. هەروەها زۆربەی کوردەکان، لە سەدەی یەکەمی زایینی دا بوونە مەسیحی.، ئێمە دەزانین تەواوی هەرێمی ئەدیابین، کە ئەم ناوچانەی دەگرتەوە و ئەربیل

بنکەی ژین
www.zheen.org

** *parents élognés* نووسەر بۆ نیشاندانی گومانی خۆی لەبارەی ڕاستی و دروستی ئەم وتانە هەردوو وشەکەی بە خواری نووسیووەتەوە، ئێمەش بۆ هەمان مەبەست هەردوو ئەم وشەمان وەکو خۆی لە وەرگێڕانە کوردییەکەشدا هەر بە خواری نووسیوەتەوە، وەرگێڕ.

پایتەختی بوو، لە سەدەی شەشەمدا پڕبوو لە کڵێسە و دێر و ئەمڕۆ هێشتا دەبینرێن هەر ماون و زۆر شەهید گەواهی ئەوە دەدەن پێکەوە لە ژێر زوڵم و زۆری ئێرانییەکان. هەرکیەکانمان زۆر چاك دەزانن کە لە چەند دەورانێکدا باووباپیرانیان مەسیحی بوون و شیمانەی ئەوە هەیە کە ئەوان دوایەمینی ئەم گەلانە بن کە واز لە ئایینی مەسیح بێنن، چونکە تا ئەمڕۆژانە هەموو ترادسیۆنەکانیان پاراستووە. ئەوان ناو و کاتی جەژنەکانی مەسیحییان دەزانن و بەگوێرەی ئەوانە دەورانەکان دیاری دەکەن. هەروەها هەرکییەکان لە هەموو کوردەکانی دیکە زیاتر لەگەڵ مەسیحییەکان تێکەڵن. بەگشتی هەرکییەکان کۆچەرن، واتە کۆچبەرن، هاوینان وڵاتەکەیان بەجێدەهێڵن، کە لەوەڕگەکان لەبەر قرچەی گەرما وشك دەکەن، بۆ لەوەڕاندنی مێگەلەکانیان دەچنە هەرێمە زۆرتر فێنکەکانی شەمدینان، ئازەربایجان و ورمێ لە ئێران. زمانیان کوردیی بادینانە، وێڕای ئەوەی کە هۆزەکەیان سەر بە هەرێمی سۆرانە. ئینشائەللا بەمزوانە کڵێسە دەسەڵاتی ئایینیی خۆی لەناو ئەم گەلانەدا دادەمەزرێنێ، بۆ ئەوەی فێری ئەو فەزیلەتانەیان بکات کە ئەو ئەوەندە لێی دوور کەوتوونەتەوە!

١٣ی ئاب، ئێوارەکەی دوای یانزە کاتژمێر ڕۆیشتن، چووەوە عەنکاوە. لەوەتای دەرچوونمەوە دەستی خوداوەند بەسەر ئەم مەسیحییە گومڕایانەدا هاتبوو، لەناو پرسە و ترسدا بینیمنەوە لە دوای شەڕێکی نێوان عەرەب و خەڵکی ئاوایی، چەکەکان لێك ڕاکێشرابوون و یەکێك لە گەنجەکانی ئاوایی، یەکێك لە گەنجە هەرە بەجەرگەکان و خۆشەویستی هەموان کوژرابوو، کەللەی سەری بە تاپوزێکی پڕ لە بزماری عەرەبەکان شکابوو، هەندێکی دیکە بە سەختی بریندار بووبوون.

لە لایەنی عەرەبەکانیشەوە کوژراو و بریندار هەبوو. دەسەڵات دەستی بەسەر ئەم پرسەدا گرتبوو و خەڵکی عەنکاوە لەوە دەترسان ئەمە بۆ ئەوان خراپ بشکێتەوە. ئەم ڕووداوە، هاوڕێ لەگەڵ سەرکۆنەی توندی جەنابی عالی یۆحەننا، ڕەوشی ڕۆحییان باشتر کردبوو، هەروەها من کەمتر لە جاری یەکەم ساردتر پێشوازی کرام.

دوو ڕۆژ لە عەنکاوە مامەوە: ئێوارەی جەژنی فڕینی پاکیزە بۆ ئاسمان* ، ئەو ڕێگەم گرتە بەر کە دوو مانگ بەر لە ئێستا گرتبوومە بەر و ڕۆژی ١٧ی ئاب گەیشتمەوە مووسڵ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* جەژنی هەڵکشانی (چوونی) پاکیزە بۆ ئاسمان لە ئایینی مەسیحیەتدا: Assomption

١٠

ئەنجام

لـەم گەشـتـە درێـژەدا باسـی دڵدانـەوە و خـەمباریم گێڕایـەوە. خەمباریم بۆ ئەوەبوو ببینی ئەوەندە گەلانی جێنشین لە سێبەری مەرگدا بن و وا دیار بێ تاکوو ئێستە ئامادەبن بۆ ئەوەی تیشکی ڕاستەقینە وەربگرن. دڵدانەوەکانیشم بۆ ئەوە بوون کە بەچاوی سووك سەیر کرام، دڵیان شکاندم، نیگەران بووم لەسەر ڕێگەکەمدا، لەکاتێکدا من لە پێنا و عیسا–مەسیح سەفەرم کردبوو، بەڵام لای من هەروەها باش بوو کە بینیم نمایشی ئەو هەموو مەسیحییە میهرەبانە زۆر دەگمەنانە بە چاوی خۆم کە ئەفسووس لـە ئەسـقەفیەی کـەرکوك لـەناو سـادەگیی ئایینیـدا نـوقم بووبوون، وێڕای ئەو ئاستەنگیانەی لە هەموو چەشنێك کە دڵی مسیۆنێر ئەوەندە دەبەخشی وەریدەگرتەوە. ئەوەی مایەی داخە ئەوەیە کە ئەم دانیشتوانە سەرنج ڕاکێشانە ئاوها هێندە دوور، پەرت و بڵاو، ئەوەندە دەست پێ ڕاگەیشتنیان سەختە. ئێمە دەتوانین زۆر جاران وایان لێ

بکەین بەشداری لە کاری چاکەی کەشیشیی ئێمەدا بکەن، کە ئەوان زۆر باش ئامادە کراون بۆ ڕەوشی چەوساندنەوەی هەمیشەییان. من لای ئەم مەسیحییە هەژارانە کولەمەرگیی جەستەییم بینی، من بەختیارم کە توانیم لە سایەی ئەو دەستگیرۆییە خێرخوازییەی بڵاوکەرەوەی ئایینی * و قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بڕێکی سووک بکەم. هەروەها توانیم بەدەنگ ئەو کڵێسە هەژارانەوە بچم، بەوەی ئارایش و جلوبەرگی ئایینییان بەسەردا دابەش بکەم. ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ خۆمدا بردبووم، هەموویم لێ سەرف کرد، بەڵام خێرخواهیی ژنانی کاری تەبشیری و مسیۆنی دۆمینیکان لە بن نەدەهات، ئێمە پشتمان بەوان بەستبوو بۆ بەردەوامبوونی ئەم کارە چاکەیەی ئالیکاریی کڵێسە هەژارەکانی ڕۆژهەڵات. ئەو ئیمازە گەورانەی کە من لەبارەی کلێسەکانەوە بۆ کاتی دەرچوونم گلم دابۆوە، بە خۆشی هەرە سادەگییەوە لەلایەن ئەو خەڵکەوە پێشوازیی لێکرا کە هێندە بێ بەهرەن لە ئیمازە پیرۆزەکاندا. بە چ قەناعەتێکەوە، بە تایبەت بە ڕەچاوکردنی ئیمازی جوانیی پاکیزە ! لای ئەم مەسیحیانە وا بوو کە بە زیندوویی ببینین، نەرم و نیان، پاك، زۆر میهرەبان، تەواو بەخشندە وەك دڵی سادەیان کە زۆر باش لێی تێدەگەن ! مریەم هاوپشتی هەژاران، دڵدانەوەی خەمناك، دایکی میهرەبانی مرۆڤایەتی، کە بۆ ئەوان بەم ئیمازە چاکتر ئامۆژگاری دەکران وەك لەوەی بە ئاخاوتنی جوان.

لەودیو ئایینەوە، بێگومان کاری دیکە هێشتا بە پێداگرتنەوە داوای جۆش‌وخرۆشی ئێمە دەکات لای ئەم مەسیحیانە، چ بۆ پاراستنی ڕۆحیان و چ بۆ پەروەردەی چاکی منداڵەکانیان. بەڵام ئەوەی مایەی

Propagation de la foi *

تووڕەبوونە کە جۆش‌وخرۆشی مسیۆنێر واهەیە زۆربەی جار هێندە بێ دەسەڵات بێ بەهۆی خەوشی سەرچاوەی ماددییەوە، باوەڕی ئێمە بە خودایە و لەناو ڕۆحی بەخشندەی خودادایە کە لە دوورەوە پشتگیری لە بانگەوازی مەسیحییەتی ئێمە دەکات، ئێمە بەو پشتگیریانە هیواخوازین دەسەڵاتی ئەوەمان بداتێ هەموو چاکەیەك بکەین کە حەز دەکەین بیکەین.

ناتوانم ئەم سەربوردەیەم تەواو بکەم بەبێ ئەوەی ستایشی دەسەڵاتکارانی تورك نەکەم کە چاکەیان نکولیی لێ ناکرێ و هەمیشە یارمەتییان داوم و بە تەنگمەوە هاتوون، بۆ هەموو ئەوەی پێویستم بووە داوام کردووە. ئەوە بۆمن قەرەبووکردنەوەیەکی شادمانانە بوو بۆ ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەی کە لە لایەن کوردەکانەوە چەشتم. خودا پاداشتی ئەوانەیان بداتەوە بۆ چاکەیان بۆ مسیۆنێری هەژاریان و لە ئەوانی دیکەش ببورێ لەو خراپەکارییەی کە بەرامبەریان کردووم، لە نەزانی و کوێرییان ببورێ.

-تەواو-

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنكەی ژین
www.zheen.org

پاشکۆ

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org


Chapitre XVII

Les convois des déportés étrangers, en transit par Mardine

Sommaire. Convoi des dames arméniennes de Diarbékir. Sur la fin de Juin 1915, six mille arméniennes du Nord sont massacrées sous les yeux-selon le récit d'une rescapée venue à Mardine – trait de courage d'une convoyée – Convois allant à Ras-el-Ain très éprouvés par la chaleur et la soif, femmes buvant le sang de leurs compagnes tuées. Le jeune Arménien Yacoub tue des femmes chrétiennes en preuve de sa foi musulmane. Sept mille déportés du 10 Juillet, quatre mille du 14 Sept, deux mille du 20 Octobre, trois mille du 28 Octobre. Dispersion et destruction des familles – A C^hle en haut lieu on se réjouit de l'annonce des exécutions des arméniens. (De la page 256 à la page 276)

Le premier convoi de personnes déportées que l'on vit passer à Mardine se composait de dames arméniennes de Diarbékir avec leurs enfants et leurs domestiques, formant ensemble environ quatre cents voyageurs. Ces dames parmi lesquelles il y avait des Catholiques, étaient les épouses des notables chrétiens que le gouvernement avait fait disparaître de Diarbékir dès le commencement des événements, en donnant à croire qu'elles avaient exilés à Mossoul. Un jour Rechid Pacha fit dire à ces dames: Vos maris sont arrivés à Mossoul et ils demandent que vous alliez les rejoindre; nous sommes heureux de vous accorder cette permission. Ce n'était qu'une [illegible] ruse de cannibale qui veut de la chair humaine, et à laquelle ces personnes ne comprirent rien, éblouies qu'elles étaient par l'agréable perspective de se retrouver en famille. Elles emportaient avec elles leurs objets les plus précieux et beaucoup d'argent pour vivre dans l'exil [illegible], en attendant, pensaient-elles, que l'orage soit passé et qu'elles [illegible] puissent retourner chez elles.

دەستنووسی یاددشتنامەکانی ڕیتۆری ژاك سەبارەت بە قەتڵ و عامی ساڵی ١٩١٥–١٩١٦ی مەسیحییەکان


GRAMMAIRE

DE LA

LANGUE SOURETH

OU

CHALDÉEN VULGAIRE

SELON LE DIALECTE DE LA PLAINE DE MOSSOUL
ET DES PAYS ADJACENTS

PAR LE P. J. RHÉTORÉ
DES PP. DOMINICAINS, MISSIONNAIRE EN KURDISTAN

MOSSOUL
IMPRIMERIE DES PÈRES DOMINICAINS
1912

ÉCOLE DES LANGUES ORIENTALES
ACQUISITIONS N° 24758
بنکەی ژین
www.zheen.org

بەرگی کتێبی ڕێزمانی زمانی سورێت
بە زمانی فرانسی–١٩١٢



بەرگی کتێبی بە فرەنسی چاپکراوی یاددشتنامەکانی ڕیتۆرێ
لەبارەی قەتڵوعامی مەسیحییەکانەوە– ١٩١٥



دیمەنی قەڵای ئامێدی لە ساڵی ١٨٧٦
سەرچاوە: A.P.F ساڵی ١٨٧٦



Vue générale de Diarbékir, vers 1913 (Tinkdji, *op. cit.*, p. 39).

دیاربەکر ساڵی ١٩١٥

سەرچاوە: Les chrétiens aux bêtes



Groupes de réfugiés assyro-chaldéens et arméniens
uivant les troupes russes lors de leur retraite de la région d'Ourmiah (janvier 1915).

کۆچڕەوی مەسیحییەکانی هەکاری بۆ ورمێ

ساڵی ١٩١٥

ئیندێکسی ناوی

کەس و شوێن

ناوی کەس

(ئ)

ئەحمەد: ٤٣، ٤٥

ئازەری: ٣٣

ئەسکەندەری گەورە: ٢٤

ئەلیاس: ٢٩

ئەنانی: ٣٣

ئیکگزینۆفۆن: ٣٤

(ب)

بێری: ١٣

(پ)

پاپا: ١١

(ج)

جەندەل: ١١

(ح)

حیلمی بەگ: ١٣

(د)

داریۆش: ٢٤

دوپلان: ١٢

دوڤال: ١٢

(ڕ)

ڕۆسێر: ٢٨، ٤٨، ٦٠

ڕیتۆری ژاك: ٨، ٩، ١١، ١٤، ٧٢، ٧٤

(س)

سارا: ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦١

سانت پاکیزە: ٤٨

سیمۆن: ١٣

(ع)

عیسا: ٦٧

(ف)

فروهدێرس: ١٢

(ك)

کۆنستەنتین: ٣٣

(ل)

لیۆن: ١١

بنکەی ژین
www.zheen.org

(م)

مریەم: ٣١، ٦٨

مەسیح: ٤٨

میری کۆرە: ٥٦

میزایل: ٣٣

(ی)

یۆحەننا: ٣١، ٣٩، ٤٩، ٦٦

ناوی شوێن

(ئ)

ئازەربایجان: ٦٥

ئاشیتە: ١٢

ئاغجەلەر: ٤٢، ٤٣

ئاڵتوون کۆپری: ٢٩، ٣٠، ٣٤

ئەدیابین: ٦٤

ئەربیل (اربیل): ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٨، ٣٣، ٤١، ٦٠، ٦٢، ٦٣، ٦٤

ئەنقەرە: ١٤

ئیتاڵیا: ٦٤

ئێران: ١٢، ٣٦، ٣٨، ٤٠، ٤١، ٦٥

(ب)

بابە گوڕگوڕ: ٣٤

بادینان: ٦٥

بازیان: ٣٧

بۆلاخ: ٦٣

بەستۆرە: ٦٣

بەنەمانی: ٦٣

(پ)

پاریس: ٧، ١٠، ٣٤

پیرمام: ٦٣

پیرە مەگرون: ٣٨

(ت)

تاران: ٣٦

تورکیا: ٢٤، ٣٦، ٤١

توولوز: ١١

(خ)

خارپووت: ١٣

خازر: ٢٤

(چ)

چەمچەماڵ: ٣٦، ٣٧

(د)

دیاربەکر: ١٣

دەچڵە: ٢٤

(ز)

زاب: ٢٣، ٤٥

زیوە: ٢٥

زێی بچووک: ٢٩، ٣٠، ٤٣، ٤٤

بنکەی ژین
www.zheen.org

زێی گەورە: ٢٤

(س)

سانت دۆمینیکان: ٢٨

سانت- ماکسیمین: ١١

سپیگرە: ٥٢

سلێمانی: ٩، ١٢، ٣٥، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢

سناوا: ٥١

سنە: ٤٠

سیسیل: ٦٤

(ش)

شاریتێ- سوغ- لوار: ١١

شوان: ٤٢، ٤٤، ٤٥

شـــەقلاوە: ٥٠، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٦٢، ٦٣

شەمدینان: ٦٥

(ع)

عەنکاوە: ٢٣، ٢٥، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣٩، ٦٢، ٦٣، ٦٥، ٦٦

(ك)

کانی جنە: ٣٨

کوردستانی سەروو: ٢٤

کۆیسنجاق: ٤١، ٤٢، ٤٦، ٤٧، ٤٩، ٥٠

(ف)

فرانسا: ٧، ٨، ١١، ٤٣، ٦٢

(ق)

قودس: ١٢

قۆریە: ٣١، ٣٢

(ك)

کرۆژ: ٥١

کوردستان: ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٤، ٢٦، ٥٣، ٦٤

کۆربان: ١١

کۆڕێ: ٦٣

کۆنستانتینۆپل: ١٤

کۆیە: ٤٩، ٥٠، ٥١

کـــەرکووك: ٩، ١٢، ٢٥، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٦٠، ٦٧

(گ)

گرد-خەبەر: ٤٤

گردەشێر: ٦٣

گۆڕەمیر: ٥٢

گەرۆتە: ٥١

بنکەی ژین
www.zheen.org

(ل)

لیکیوس: ٢٤

(م)

مار– تامزگار: ٣٣

ماردین: ١٣

مار– بەهنام: ٥٠

مار یەعقوب: ١١، ١٢

مازیەر: ١١

مووسڵ: ٧، ١٢، ١٣، ١٤، ٢٣، ٢٤، ٢٧، ٣٠، ٦٠، ٦٢، ٦٦

میزۆپۆتامیا: ١١

(ن)

نازەنین: ٥١

(هـ)

هەرمۆتە: ٤٧، ٤٩، ٥٠

هەولێر: ١٢

هیران: ٥١

(و)

وان: ١٢

ورمێ: ٦٥

بنکەی ژین
www.zheen.org